www.pertwk.com

**ماکسێنس فێرمین**

# بەفر

**-رۆمان-**

**وەر ێڕانی**

**ئازاد بەرزنجی**

PDF4Kurd

**سەرچاوەی وەر ێڕانی ئەم کتێبە:**

**برف**

**مکسنس فرمین**

**ترجمه:د.احمد سلامت راد**

**انتشارات روشنگران و مگالعات زنان**

**تهران-** 1382(2003)

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- **ناوی کتێب: بەفر**
- **ناوی نووسەر: ماکسێنس فێرمین**
- **وەرگێڕانی لەفارسیەوە: ئازاد بەرزنجی**
- **بابەت: رۆمان**
- **نەخشەسازی کۆمپیوتەرو بەرگ: نازەنین سالّح**
- **زنجیرە:** 72
- **تیراژ:**1500
- **ژمارەی(**617**)ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.**
- **چاپ: چاپخانەی روون**

www.pertwk.com

**ماکسێنس فێرمین( 1968- ) بەم چەند دێڕە ڕۆمانەکەی دەستپێدەکات:**

یۆکۆئاکیتا سەوداسەری دوو شت بوو:
هایکۆ و
بەفر.
هایکۆ شیعرێکی ژاپۆنیی سێ بەیتیی هەڤدە حونجەییە، نە زیاتر و نە کەمتر .
بەفر شیعرێکە کە لە شێوەی کلووی سپی و جواندا لە هەورەکانەوە ئەبارێ.
ئەو شیعرەی لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ ،ناوێکی هەیە ،ناوێک کە سپێتییەکەی مرۆ سەرسام دەکا؛ بەفر.





ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەو ئەزموونە تازانەی کە لەم سالانەی دواییدا لە لایەن چەند ڕۆماننووسێکەوە خراونەتە ڕوو و هەندێ جار لە خانەی ڕۆمانی مینیمالیستیدا پۆلێن ئەکرێن، کە زمانێکی چڕ و شاعیرانەو کورتبڕ زاڵە بە سەریاندا.

"بەفر" ئاوێتەیەکە لە شیعرو خۆشەویستی، لە سەرتاسەری ڕۆمانەکەدا دەنگدانەوەی ڕۆحی هایکۆ ئەبینینەوە.هایکۆش ژانرە شیعرێکی ژاپۆنییە کە لە چەند دێڕێکی کەمدا و لە تابلۆیەکی شیعریی جواندا ، بروسکەئاسا هێدمەیەکمان لا دروست ئەکات. گەرچی فێرمین خۆی فەرەنسییە ، بەڵام توانیویەتی بە شێوازێکی دڵڕفێن کەلتووری هایکۆ لە ڕۆمانەکەیدا تەوزیف بکات.

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە سەدەی نۆزدەهەمداو لە ژاپۆندا ڕووئەدەن.یۆکۆ ئاکیتای



www.pertwk.com

تەمەن حەڤدە ساڵ پاش ئەوەی سەرپێچی لە خواستی باوکی و نەریتی کۆمەڵگاکەی ئەکات و نایەوێ ببێت بە ڕاهیب یان سامورای ، ڕێگای شاعیری لەژیاندا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و، بۆ فێربوونی هونەری بەکاربردنی ڕەنگەکانیش سەفەرێك بەرەو لای مامۆستاکەی دەستپێدەکات و لەم سەفەرەشیدا گەڵێ نهێنیی ژیان و عیشقی بۆ ئاشکرا ئەبێت.

ئەم ڕۆمانە لە ساڵی (2003) دا چاپ کراوەو هەر بە بڵاوبوونەوەی پتر لە چل هەزار نوسخەی لێ فرۆشراوە و بۆ چەند زمانێکی زیندووی دونیا تەرجەمە کراوە.

ئەشێ بڵێین ئەم ڕۆمانە لەگەڵ دوو ڕۆمانی تری نووسەردا بە سێینەیەك لەقەڵەم ئەدرێن کە ئەمانەن:" کەمانچەی ڕەش" و"هەنگ بەخێوکەر".





(گەورەنووسەری ئیتالی "ئیتالۆ کالڤینۆ" لە کتێبەکەیدا "شەش یاداشت بۆ هەزارەی داهاتوو" باس لەو بەها ئەدەبییانە ئەکات کە بۆ نەوەکانی ئایندەی ئەدەبی پەسەند ئەکات، کە یەکەمیان درەوشانەوەیە ، دووەمیشیان خێراییە . لەم ڕووەوە فێرمین ئامۆژگارییەکەی کالڤینۆی لەبەرچاو گرتووە. " بەفر" وەکو کلووە بەفرێك درەوشاوەو خێرایە).*

بەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەش واچاکە خوێنەر مانای ئەم چەند وشەیەی لا ڕوون بێت کە لە ڕۆمانەکەدا هاتوون:

*هایکۆ*: هەروەکو وتمان جۆرە شیعرێکی سوننەتیی ژاپۆنیی کورتی چڕوپڕو مەغزادارە.

*سامورای*: بە جەنگاوەرە دێرینەکانی ئیمپراتۆریای ژاپۆنیان وتووە.



www.pertwk.com

*ساکی*: جۆرە شەرابێکی ژاپۆنی‌یە کە لە ئاوی برنج ئامادە ئەکرێ.
*باشـو*: شـاعیرێکی نـاودار و دێرینـی هـایکۆی ژاپۆنی بووە.

**ئازاد بەرزنجی**

..............................................

* ئەم چەند دێڕە لەخستنە ڕوویەکی رۆمانەکەوە لە سایتی (www.littworld.com) وەرگیراوە کە (javier fernandez) نووسیویەتی. وەرگێڕ.

# بەفر

## بەشی یەکەم





### 1

یۆکۆئاکیتا سەوداسەری دوو شت بوو:

هایکۆ و

بەفر.

هـــایکۆ شـــیعرێکی ژاپـــۆنیی ســـێ بـــەیتیی هەڤـــدە حونجەییە، نە زیاتر و نە کەمتر .

بەفر شیعرێکە کە لە شێوەی کلووی سپی و جوانـدا لـە هەورەکانەوە ئەبارێ.

ئەو شیعرەی لە ئاسمانەوە دێتە خـوارێ ،نـاوێکی هەیـە ،ناوێك کە سپێتییەکەی مرۆ سەرسام دەکا،

بەفر.



www.pertwk.com

# 2

**بایەکی زستانی**

**راهیبێ**

**لە دارستانێکا**

**هەنگاو ئەنێ**

**(ئی سا)**

باوکی یۆکۆ ڕاهیبێکی شینتۆ بوو،نیشتەجێی هۆکایدۆ بوو کە ئەکەوێتە باکووری ژاپۆنەوەو بەوە ناسراوە کە زستانێکی سەخت و درێژخایەنی هەیە.کوڕەکەی خۆی فێری گرنگیی ئیمان و ،ڕێزگرتن لە هێزی توخمەکان و خۆشەویستیی سروشت کرد. هەروەها فێری هونەری نووسینی "هایکۆ"شی کرد. ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی نیسانی 1884 ، هەڤدەهەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی یۆکۆ بوو.لە کیۆشۆ کە لە باشووری





ژاپۆندایە ،دارگێلاسەکان تازە چرۆیان کردبوو.بەڵام لە باکوور هێشتا دەریا شەختە بوو.

خەریکبوو منالێی تێدەپەڕاند. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو کارێك بۆ خۆی پەیدا بکات. ئەو ڕۆژگارە وا باو بوو کە مناڵانی بنەماڵەی ئاکیتا یان سەرقاڵی زوهد ئەبوون و یاخود ڕوویان ئەکردە کاری سەربازی. بەڵام یۆکۆ حەزی بە هیچیان نەدەکرد.

یۆکۆ کە لە بەربەیانی ساڵڕۆژی لەدایکبوونیدا لەگەڵ باوکیدا لەڕۆخی ڕووبارەکە پیاسەیان دەکرد، وتی:

- باوکە، من ئەمەوێ ببم بە شاعیر.

گرژییەك کەوتە نێوچەوانی ڕاهیبەوە کە بەئاشکرا نیشانەی نائومێدییەکی قووڵ بوو. خۆر تیشکی خۆی بەسەر شەپۆلەکاندا پەخش کردبوو. ماسییەك بەلای دارغانەکاندا خزاو لەژێر پردێکی دارینندا لەچاو ون بوو.



www.pertwk.com

- شاعیری پیشە نییە ، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ کات بەسەربردن. شیعر لە ئاو ئەچێت، لەم ڕوبارە..

یۆکۆ بە هێمنی سەری دانەواند و نیگای سەرسامی خۆی ئاراستەی روونی ئاوەکە کرد. پاشان ڕووی کردە باوکی و وتی :

- ئەمە ڕێك ئەو شتەیە کە من ئەمەوێ بیکەم،فێریئەوە بم چۆن تەماشای تێپەڕینی زەمان بکەم.





## 3

نیوەشەو
گۆزە بەستووەکە درزی برد و
منی لەخەو هەڵسان

( باشوا)

ڕاهیبەکە پرسیی : شیعر چییە؟

یۆکۆ وەڵامی دایەوە: شیعر نهێنییەکە.

سپێدان گۆزە شینەکە درز ئەبات . دڵۆپە شیعر ئەتکێتە خەیاڵەوە، جوانییەکەی کار لە ڕۆح ئەکات و ئیدی ئەو ساتە ساتی گوتنی شتێکە کە بە قسە ناگوترێ و کاتی ڕێ برین، بەبێ هەنگاونان، کەواتە لەوساتەدا دەهێنێت ببین بەشاعیر.



www.pertwk.com

بێدەنگیەکە مەشکێنە , بەتەنها بنوارِەو بنووسە.

چەند وشەیەك ، هەڤدە حونجە ، هایكۆیەك.

سپێدان شتێك بەئاگامان دێنێتەوە. ئەوەتانێ کاتی هاتووە ، كاتی پشتكردنە دونیا ، كاتی پیاچوونەوە بەم ژیانە فانی‌یەدا.





## 4

**یەکەمین زیكزیكە**

**ئەمەی گوت و.......**

**(ئی سا)**

مانگەكان یەك بەدوایەكدا تێپەڕین. لە هاوینی 1884 دا یۆكۆ حەفتاوحەوت هایكۆی نووسیبوو، یەك لە یەك جوانتر بوون.بەیانیان لەبەر تیشكی هەتاوێكی كزدا ، پەپوولەیەك لەسەر شانی نیشتەوە. لەسەر شانی چەپیشی ئاسەواری تاوە ئەستێرەبارانێك هەبوو كە بارانی مانگی حوزەیران هەمووی شۆردو لەگەڵ خۆیدا بردی. هەندێ جاریش لەكاتی سەرخەوشكاندنی نیوەڕواندا ، گوێی بۆ ورینگەورینگی ئەو كیژۆڵانە شل ئەكرد كە سەرقاڵی چنینەوەی گەڵای چا بوون. ڕۆژێكی دی لەبەردەم دەرگای



www.pertwk.com

ژوورەکەیدا ، مارمێلکەیەکی وشکهەڵاتووی دۆزییەوە.بەڵام تەواوی ڕۆژەکانی دیکە هیچ پێشهاتێك رووی نەدا. بە هاتنی سەرەتای زستان ، بۆ جارێکی دی کاتی بڕیاردان لەسەر ئایندەی یۆکۆ هاتەوە. باوکی لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ بنارەکانی زنجیرەشاخی ئەڵپی ژاپۆن کە ئەکەوێتە ویلایەتی " هون شو"ەوە. لووتکەی شاخێکی پیشان دا کە بەفرێکی هەتاهەتایی پۆشیبووی و ، توێشووی ڕێگاو لەوحێکی ئاوریشمینی دایێ و وتی:

- هەرکاتێ بڕیاری خۆت دا بگەڕێوە. راهیب یان جەنگاوەر، خۆت بڕیار بدە.

کوڕەکە بەسەر شاخەکەدا سەرکەوت. بێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەك. وەختێ گەیشتە لووتکەکە ، لەژێر تاشەبەردێکدا داڵدەیەکی بۆخۆی دۆزییەوە. دانیشت و چاوی بڕییە شکۆی بوون. حەوت رۆژ بەم جۆرە مایەوە، بەدانیشتوویی لە حزووری ئاسماندا، نوقمی





جوانییەکانی بەردەمی ببوو. تەنها یەك وشەی لەسەر لەوحە ئاوریشمینەکە نووسی؛ وشەیەك کە سپێتییەکەی مرۆی سەرسام ئەکرد. کاتێکیش گەڕایەوە ، باوکی لێی پرسی :

- یۆکۆ ڕێگای خۆت دۆزییەوە؟

یۆکۆ کڕنووشی برد و گوتی:

- تەنانەت زیاتریشم دۆزییەوە، بەفرم دۆزییەوە.



www.pertwk.com

## 5

لەم بێشەلاّنە پڕلە بەفرەدا
ئەگەر بمرم
منیش ئەبمە بووداییەكی بەفرین
( چاوسویی)

بەفر شیعره ؛ شیعرێك كه سپێتییەكەی مرۆ سەرسام ئەكات. لەمانگی كانوونی دووەمدا بەفر سەتاسەری باكووری ژاپۆنی دەپۆشی، ئەو شوێنەی كه یۆكۆ لێی دەژیا، بەفر شیعری زستان بوو. لە سەرەتاكانی كانوونی دووەمی 1885 دا ، یۆكۆ هەرچەندە باوكی حەزی نەدەكرد ، بەلاّم ئەو پیشەی خۆی وەكو شاعیرێك دەستپێكرد. ئەو تاقە ئامانجێكی هەبوو: پیاهەڵدان بە جوانیی بەفردا. ئەو ڕێگای خۆیو جوانیی ئەو ڕێگایەشی دۆزیبۆوە، تەنانەت بۆ





ساتێكیش چییە لە سیحراویبوونی بەفر ڕزگاری نەدەبوو.

هەموو بەرەبەیانییەكی ئەو ڕۆژانەی بەفر دەباری ، یۆكۆ ملی ڕێی ئەگرت و ، ماڵەوەی جێدەهێشت و بەرەو كەژوكێوەكان ئەكەوتە ڕێ. بۆ نووسینی شیعرەكانی هەمیشە ڕووی لەو شوێنەی خۆی ئەكرد و لە ژێر درەختێكدا بەچوارمشقی لێی دادەنیشت و بە درێژایی چەندەها سەعات لەو حاڵەتەیدا دەمایەوە و لەو بێدەنگییەدا بیری لە جوانترین حەڤدەحونجەیی دونیا ئەكردەوە. پاشان هەركە هەستی بەوە ئەكرد شیعرەكەی خۆی دۆزیوەتەوە، لەسەر لەوحە ئاوریشمینەكە ئەینووسی.

هەر ڕۆژەو شیعرێكی نوێ ، پێشبینییەكی نوێ و لەوحێكی ئاوریشمینی نوێ. هەر ڕۆژەو دیمەنێكی جیا و پرشنگێكی تر ، بەلاّم هەموو ئەمانە تا شەویش دادەهات هەر بریتی بوون لە هایكۆ و بەفر. ئینجا بۆ ڕێوڕەسمی چاخواردنەوە ئەگەڕایەوە.



www.pertwk.com

## 6

منداڵە بێگەردەکان

یارییەکەیان ئەگرتە یەکتر و

هەڵبەزو دابەزیان ئەکرد

( تا یی چی)

ئێوارەیەکیان یۆکۆ نەگەڕایەوە. مانگ چواردە بوو. ئەو بەڕادەیەك شتەکانی بە ڕوونی دەبینی ، کە بەلایەوە دەتگوت ڕۆژی نیوەڕۆیە. ڕەوە هەورێکی سپی خەریکبوو ئاسمانی دائەپۆشی. دەستەیەك جەنگاوەر کە سپی ئەچوونەوە بەسەر پانتایی ئاسماندا زاڵدەبوو و ئەو دەستەیە سەر بە سوپای بەفر بوو. یۆکۆ بە بێدەنگی لەژێر تریفەی مانگدا دانیشتبوو و لە هەورەکانی دەڕوانی چۆن سنوورەکان دەبڕن هەربۆیە تابەرەبەیان نەگەڕایەوە.





لە رێگادا و لە نێو تەڕایی رنگزەردی هەتاودا ، کیژۆڵەیەکی دی کە لە کانی یەکە ئاوی هەڵدەگۆزا.

هەر کە نوشتایەوە،

ملوانەی کراسەکەی کەمێك کرایەوەو سنگێکی سپیی وەك بەفر دەرکەوت.

کەمێك دواتر، یۆکۆ لە ژوورەکەی خۆیدا دەستێکی بە نێوچەوانی خۆیدا هێنا، کە هێندەی فنجانێك چای کوڵاو داخ بوو.

لەکاتێکا دەرەوە سەهۆڵبەندان بوو، چاوی چووە خەو.



www.pertwk.com

## 7

چەند سارد بوو

کاتێ گەلا سپییەکەم

ئەخستە سەر لێوم

(سوزوکی)

بەفر پێنج تایبەتمەندیی هەیە:

سپی‌یە،

سروشت ئەبەستێ و دایدەپۆشێ،

بەردەوام لە گۆڕاندایە،

خلیسکە،

ئەتوێتەوە.

بەڵام باوکی یۆکۆ هەر لایەنە خراپەکانی بەفری لەبەرچاو بوو. بەبڕوای ئەو ، ئەم خولیا سەیرەی کوڕەکەی بۆ بەفر ، بەسەر بردنی وەرزی سەرمای بۆ ئەو یەکجار سەختتر ئەکرد.





_ بەفر سپی‌یە؛ لەبەر ئەوەی دیار نی‌یەو شایانی بوون نی‌یە.

سروشت ئەبەستێ و دەیپۆشێ. هێند لەخۆباییە کە بوونەوەری زیندوو ئەکات بە پەیکەرێك سەهۆڵی بەستوو. بەردەوام لەگۆڕاندایە، کەواتە بەهایەکی نی‌یە.

خلیسکە و کێ حەز بەوە دەکا لەسەری بخلیسکێ؟

ئەبێ بە ئاو و _ ئەمە قەیناکا_ بەڵام کە توایەوە ئێمەش لەگەڵ خۆیدا نوقم دەکا.

لەسەرێکی ترەوە، یۆکۆ پێنج تایبەتمەندیی جیاوازی لەبەر چاو بوو و هەریەکێك لەو تایبەتمەندییانە بۆ لایەنێك لە لایەنەکانی سروشتی هونەرمەندانەی ئەو سەرنجڕاکێش بوو.

سپی‌یە هەروەك شیعری پاك.

سروشت ئەبەستێ و دایدەپۆشێ، کەواتە هەر دیمەنێك ئەکا بە نەخشێك.



www.pertwk.com

وەکو نووسینیش هەمیشە لەگۆڕاندایە، بۆیە بۆ بەرجەستەکردنی وشەی بەفر، هەزاران ڕێ هەیە.

خلیسکە، کەواتە لە سەما ئەچێت، لەنێو بەفریشدا هەمووومان ئەبینە سەماکار و وەکو تەنافبازەکان هاوسەنگیی خۆمان ئەپارێزین.

ئەبێت بە ئاو، کەواتە لە ئاواز ئەچێت ، لە بەهاراندا جۆگەلەو ڕووبارەکان ئەگۆڕێ بۆ ئاوازی نۆتە سپی و ڕەوانەکان.

ڕاهیبەکە پرسیی: کەواتە بەلای تۆوە بەفر بریتییە لەم شتانە؟

وەڵامەکەی بیست کە:

_ ....زیاتر لەمانەش!

ئەو شەوە، باوکی یۆکۆ لەوە تێگەیشت کە بەتەنها هایکۆ بۆ پڕکردنەوەی چاوەکانی کوڕەکەی بەجوانیی بەفر بەس نییە.





## 8

یۆکۆ عاشقی هونەری هایکۆ و بەفر و ژمارە حەوت بوو.

حەوت ژمارەیەکی سیحراوییە؛ هەم هاوسەنگیی چوارگۆشەی هەیەو هەم هەڵپەسێرراویی سێگۆشە.

یۆکۆ لە تەمەنی حەڤدەساڵییەوە پیشەکەی خۆی وەکو شاعیرێك دەستپێکرد و کۆمەڵێك شیعری بە حەڤدە حونجە نووسی، حەوت پشیلەی هەبوو و بەڵێنی بە باوکیشی دابوو کە هەر زستانێك، تەنها حەفتاوحەفت هایکۆ بنووسێت.

باقیی ڕۆژەکانی دیکەی ساڵ لە ماڵەوە ئەمایەوەو بەفری لەبیردەبردەوە.



www.pertwk.com

## 9

سەرلەبەیانی رۆژێکی بەهار، لەکاتی خۆرکەوتندا، شاعیرێکی بەناوبانگی دەرباری می جی، هات تا گوێ لە شیعرەکانی یۆکۆ بگرێت. چوو بۆ ئەو دێیەی کە یۆکۆی تیا نیشتەجێ بوو و پەیامێکی بۆ باوکی یۆکۆ نارد. راهیبەکە بە شەوقەوە لە پەرستگاکەوە کە هەر لەو نزیکانە بوو بەرەو دێ گەڕایەوە و بە رێزەوە بەخێرهاتنی شاعیرە بەناوبانگەکەی دەرباری کرد. چای بۆ دانا و وتی: ئەمشەو کوڕەکەم بۆ دواجار لەمساڵدا لە کەژوکێوەکان دێتە خوارێ. ئەمڕۆ رۆژی حەفتاوحەوتەمین هایکۆیەتی بینووسێت. ئەگەر حەزدەکەیت، دەتوانم گەنجینەی شیعرەکانی بەتۆ پیشان بدەم.

شاعیرەکە بۆنی چایە خۆشە دلڕفێنەکەی ئەکرد و شادمان بوو و ئەوکاتەی وەبیر دەهاتەوە کە بۆ





یەکەمین جار لە ڕێی مامۆستایەکی شاعیرەوە پەی بە بەهرەی براو بردیان بۆ لای ئیمپراتۆر کاتێ ئەو دێڕە شیعرانەی لەو سەردەمەدا خوێندبوویەوە، کەوتەوە یادی، زەردەخەنەك کەوتە سەرلێوانی. ئەو شیعرەی کە ئیمپراتۆر پەسەندی کرد. پاشان قومێکی لە چایەکە دا و وتی:

-ئادەی ئەو بەیتە سەرسوڕهێنەرانەم پیشان بدە.

راهیبەکە ئەوی برد بۆ ژوورێك کە دیوارەکانی بە چەندەها لەوحی ئاوریشم داپۆشرابوون. لەوێ ئەو رووبەڕووی دیمەنێك بۆوە کە لە جوانیدا، هەناسەی مرۆڤی سوارئەکرد.

-مامۆستا، ئەمانە ئەو هایکۆیانەن کە کوڕەکەم نووسیونی. شاعیرەکە بە سەنگینیەوە چووە پێشەوە و هەر هەموو ئەو حەفتاوشەش پارچە شیعرە



www.pertwk.com

بەفرینانــەی خوێنــدەوە کــە یۆکۆئاکیتــا لــەو وەرزەدا نووسیبوونی.
کە لە خوێندنەوەیان بۆوە، راهیبەکە سەرنجی دا هۆن هۆن فرمێسك لە چاوانی شاعیرەکەوە دێنە خوارێ.
-سەیروسەمەرەن! بە ڕاستی کوڕەکەت شاعیرە. کە مـن مردم رەنگە ئیمپراتۆر ئەو لە جێی من دابنێت.
بـاوکی یۆکـۆ بەوپــەڕی شـادمانییەوە خـۆی فڕێدایـە بەرپێی شاعیرەکە. شاعیرەکە لەسەری رۆیشت و وتی:
-لەگەڵ ئەمانەشدا ئەبێ دان بەوەدا بنـێم کـە دوو شـت هەن شپرزەم ئەکەن.
راهیبەکە سەری هەڵبڕیو بە پەشۆکاوییەوە پرسیی:
-بۆ؟ ئایا لە سەردەمی باشوی گەورەوە تا ئێستا ئەمانـە جوانترین هایکۆنین نووسرابن؟
دیـارە ئەمـە لەبوارەکـەی خۆیـدا کـارێکی بـێ هاوتایـە. بێشك سەرچاوەی ئەم وشانە جوانو پاکە.





هەریـەك لەمانـە زرنگانـەوەی تایبـەتیی خـۆی هەیـە، بـەڵام بێـڕەنگن. شـیعرەکانی کوڕەکـەت بـە ڕادەیـەکی نائومێدکەرانـە سـپین. بـە ئاسـتەم ئـەبینرێن. ئەگـەر کوڕەکەت دەیەوێ شیعرەکانی پێشکەش بـە ئیمپراتـۆر بکـات، سـەرەتا ئـەبێ فێـری ئـەوە بێـت چـۆن رەنگیـان بداتێ.
-بەڵام بـیرت نەچـێ ئـەو هێشـتا زۆر گەنجـە و تەمـەنی حەڤـدە سـاڵە. بێگومـان دواتـر فێرئـەبێت. ئـەی چـیی تر؟
شـاعیرەکە داوای پیاڵەیــەکی دیکـەی چـای کـرد و لـە بەردالأنەکـەدا دانیشـت و چـاوی بڕییـە کێوەکـان کـە سـروەی بـەهار لێـی ئـەدان. پاشـان قـومێکی دیکـەی لـە چاکە دا و پرسیی:
-بۆچی بەفر؟



www.pertwk.com

## 10

کاتێ یۆکۆ لە کێوەکان گەڕایەوە و زانیی کە غەریبەیەك شیعرەکانی خوێندۆتەوە و لەوەش خراپتر، شیعرەکانی پەسەند کردوون، هەڵچوو و وتی:

-ئەمانە بە تەنها مەشقن و هیچی تر، من هێشتا سەرقاڵی فێربوونی هونەرەکەمم.

باوکی وتی:

-بەڵام ئەوان تۆیان بۆ دەربار بانگ کردووە، ئەمە شانازییە بۆ ئێمە، شانازییەکی گەورە!

-نە باوکە، ئەمە شانازی نییە، سووکایەتییە.

کاتێکیش یۆکۆ قسەی شاعیرەکەی دەرباری بیست، زیاتر هەڵچوو و وتی:

-ئەو چی لە نیگارکێشی و ڕەنگ دەزانێ؟ دەیان هەزار ڕێگا هەیە بۆ نیگارکێشان و، دەیان هەزار شێوازیش بۆ شیعرگوتن. بەڵام بەلای منەوە هەموو ئەو ڕێگایانە لە بەفر ئەچن. من کاتێك ئەچم بۆ لای ئیمپراتۆر کە دە هەزار حونجەم شیعر گوتبێت. ڕێك دە هەزار حونجە لە سپێتییەکی سەرسامکەر، نەیەك حونجە کەمتر.





-بەڵام دە هەزار حونجە نزیکەی پێنج سەد و نەوەد هایکۆ ئەکات بەلەبەرچاوگرتنی ئەو حەفتاو حەوت شیعرەی ساڵانەی ئەینووسیت، ئەوا حەوت ساڵ ئەخایەنێت!

-کەواتە بەم حیسابە من نزیکەی حەوت ساڵی دیکە ئەچم بۆ دەربار.

ئەمە دواجار بوو کە ئەوان سەبارەت بە شاعیرەکەی دەربار لەگەڵ یەکدا بدوێن.

بەهاری ئەو ساڵە، یۆکۆ بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر و تەنانەت یەك بەیت شیعری نەنووسی. بەڵکو تەنها بۆنی عەتری دڵڕفێنی چرۆ گێلاسەکانی ناو باخە سەوزەکەوە خۆی کرد.

لە هاویندا، کە مانگ لە سەروو کێوەکانەوە هەڵدەهات، بۆنی شیلەی ڕووەکەکانی جەنگەڵی هەڵدەمژی.

لە ڕۆژانی سەرەتای وەرزی باراندا، قارچکێکی زەردی دۆزییەوە کە بەسەر قەوزەکانی قەراغ ڕووبارەکەوە ڕوابوو.

ئەو ساڵە، ساڵێکی هێمن و بەبۆنو بەرامە بوو.



www.pertwk.com

# 11

**ئای چەند گەرمە**

**پێستی ژن**

**ئەو پێستەی کە دایئەپۆشن!**

**(سوت جوا)**

دووەمین زستانی شاعیرەکە لەگەڵ سپێتییەکی سەرسامکەردا هاوکات بوو. بەفرێکی ئێجگار زۆر باری.

شەوێك لە شەوانی زستان، کیژۆڵەی لای کانییەکە، تامی خۆشی عیشقی پێبەخشی. پێستی هێندەی تویخی هەڵووژە تەڕ و تازە و ناسك بوو. یۆکۆ لەگەڵیدا میهرەبان بوو و بەم جۆرە تا بەیانی لەگەڵ یەکدا خەوتن.

یۆکۆ لە زستانی ئەو ساڵەدا، حەفتا و حەوت هایکۆی نووسی، یەك لە یەك سپیتر و جوانتر.

دوا دێڕەکانی ئەمانە بوون:





***بەفری پاکیزە***

***گوزەرێك لە بێدەنگی و***

***جوانی***

***خرچە خرچی بەفر***

***لەژێر پێما..***

***زیکزیکەیەکی زستانی***

هایکۆیەك؛ شتێك کە هاوتای روونی یە، بزۆز، ئاشنا، لەگەڵ ناسکییەکی سروشتیدا.

لەوانەیە لای خەڵکانێك، هایکۆ پەیامێکی ئەوتۆی لەگەڵ خۆیدا پێنەبێت. بەڵام هایکۆکان بۆ رۆحی شاعیر کۆمەڵێك رێگان کە بەرەو لای خودا دەچن، بەرەو نووری سپیی فریشتەکان.



www.pertwk.com

## 12

لە رۆژانی سەرەتای وەرزی بەهاردا خۆرەتاو گەڕایەوە و لەگەڵیشیدا شاعیرەکەی دەربار. وەلێ ئەمجارە تەنیا بوو. ئافرەتێکی لاوی لەگەڵدا بوو کە جوانییەکەی سەرسامکەر بوو و پێستی بێڕەنگ بوو. باوکی یۆکۆ بە گەرمی پێشوازیی لێکردن و چایەکی نایابی دانێ. لە هەیوانی دەرەوەی خانووەکە و لەژێر ئەو گوڵانەی کە بە قەراغی دیوارەکەدا شۆڕببوونەوە، دانیشتن.

لە کاتێکدا مامۆستاکە و ژنە لاوەکە خەریکی چاخواردنەوە بوون، باوکی یۆکۆ رووی تێکردن و وتی:

-کوڕەکەم خۆی بە شایانی ئەو شانازییە نازانێت. ئەو دەڵێت حەوت ساڵێ کاتی پێویستە تا هونەرەکەی بەرکەماڵ بێت. ئا ئەوکاتەش بە خۆی رەوا نابینێت بێتە حزووری ئیمپراتۆر. زستانی رابردوو دووەم





زستانی شاعیریی بوو، بەم پێیە ناچارین پێنج ساڵی دی چاوەڕێ بین.

شاعیرە بەساڵاچووەکە بەرلەوەی وەڵامێك ئامادە بکات، بۆ ماوەیەك چاوی بڕییە کەناری رووبارەکە.

-پێنج ساڵ ماوەیەکی زۆرە. دڵنیا نیم لەوەی ئیمپراتۆر ئەوەندە چاوەڕێ بکات. کوڕەکەتان کەی دەگەڕێتەوە؟

-شەو.

-چاوەڕێی دەکەین.

کاتێ یۆکۆ لە کێوەکان گەڕایەوە، دوو میوانی لە ژوورەکەی خۆیدا بینی. یەکسەر کەوتە ژێر کاریگەریی جوانیی دڵڕفێنی ئافرەتەکەوە، هەرچەند روخساری مامۆستاکە وای پیشان ئەدا کە دەربەست نایەت.

شاعیری دەربار روویکردە یۆکۆ و وتی:

-من دوو پرسیارم هەیە لە تۆ.

-گوێ قوڵاخم مامۆستا.



www.pertwk.com

-بۆچی حەوت ساڵ؟

-لەبەرئەوەی حەوت ژمارەیەكی سیحراوییە.

یۆكۆ سەرنجی ئەو زەردەخەنەیەی دا كە كەوتە سەرلێوی ئافرەتە لاوەكە، ئەو لێوانەی كەتەرپی ئەو میوەیەی دەخستەوە بیری كە بۆئەوەی گازی لێنەگیرێ. توند بەرهەڵستیی دەكرد.

مامۆستاكە بەردەوام بوو:

-ئەی بۆچی بەفر؟

-لەبەرئەوەی بەفر و شیعر و جواننووسی و نیگاركێشان و سەما و مۆسیقا، هەموو ئەمانە لەیەك كاتدا دروست دەبن.

پیاوە بەساڵاچووەكە زیاتر لە یۆكۆ نزیكبۆوە و لێی پرسی:

-كەواتە بەفر لای تۆ شتێكی لەم بابەتانەیە؟

-لەوانەیە زیاتریش بێت.





-تۆ شاعیریت؛ ئەمە راستە! بەڵام دەربارەی هونەرەكانی دیكە چی ئەزانیت؟ ئایا شتێك دەربارەی سەما؟ یان نیگاركێشان؟ جواننووسی یان ئاوازدانان ئەزانیت؟

یۆكۆ نەیدەزانی چی بڵێت. هەستی ئەكرد خەریكە دەموچاوی وردە وردە سوورهەڵدەگەڕێت.

-من شاعیرم، شیعر ئەڵێم، ئەمە تاقە هونەرێكە كە بەلای منەوە گرنگە.

-ئاخر هەڵەكەی تۆ ئالێرەدایە. لەبەرئەوەی شیعریش وەكو نیگاركێشان و مۆسیقا و جواننووسی، رۆحە. شیعر تابلۆیەكە سەما و مۆسیقا و نووسینی جوان لەخۆ دەگرێت. ئەگەر ئەتەوێ لە شیعردا ببیت بە مامۆستا، پێویستە توانای هونەرمەندێكی تەواوت هەبێت. شیعرەكانی تۆ تاڕادەیەكی زۆر سەیر جوانن، مەوجدار و بە ئاوازن. بەڵام وەكو بەفر سپین. یۆكۆ تۆ نیگاركێشێكی كارامە نیت. شیعرەكانت بێڕەنگن.



www.pertwk.com

ئـەو بێڕەنگییـەش وایـان لێـدەكات نەكەونـە بەرچـاوی دونیا.

پیرەمێردەكە ئازاری ئەدا، بـەڵام كیژۆڵەكـە جـوان بـوو، زۆر جوان! یۆكۆ وتی:

-زۆرباشە مامۆستا، بە قسەی تۆ ئەكەم.

-لـە باشـووری ژاپـۆن كابرایـەك هەیـە كـە هـەموو هونـەرەكانی تیـا كۆبووەتـەوە. شـیعر ئـەڵێت و ئـاواز دادەنێت، بەڵام بـەر لـە هـەموو ئەمانـە نیگاركێشیشـە. ناوی سوزوكی یە. ئەو مامۆستای من بوو. بـڕۆ بـۆ لای ئەو، هەرچیەكت بوێت فێرت ئەكات.

كیژۆڵەكـە یـەك وشـەی لـە دەم نەهاتـە دەرەوە. تـەنها چـاوی بڕیبـووە یۆكـۆ و لـە كاتێكـا قـومی لـە چـایە گەرمەكە ئەدا بە زەردەخەنەوە نیگای ئەكرد.

شاعیرە دەرباریيەكە گوتی:

-لەحزەیـەك چـییە دوامەكـەوە. لەبەرئـەوەی سـوزوكی تەمەنی زۆرە و خۆری تەمەنی روو لە ئاوابوونە.





یۆكۆ سەری دانەواند و وتی:

-بـە سەرچـاو مامۆسـتا! مـن ئەچـم بـۆ لای سـوزوكی. سبەینێ ئەكەومە ڕێ.

پاشان گەڕایەوە و ناشیانە سەرێكی بـۆ ئافرەتـە لاوەكـە دانەوانـد. كیژۆڵەكـە بـە گاڵتەپێكردنـەوە پلارێكـی تێگرت كە لە هەوادا مایەوە. یۆكـۆ لـە یـەك كاتـدا دوو هەسـتی دژبەیـەك لـە ناخیـدا مـەوجی ئـەدا، خۆشەویستی و رق.



www.pertwk.com

## 13

ئەو شەوە، یۆکۆ لەگەڵ کیژۆڵەی کانییەکەدا نوقمی دڵداری بوون. لەنێو بەفردا و لەژێر چلوورەی کریستاڵئاسای دارگێلاسەکاندا پێکەوە خەوتن و تا سەحەر حەوت جار لە چێژی یەکتر بەرخوردار بوون، جار لە دوای جاریش بە جۆش و خرۆشێکی زیاترەوە.

بۆ رۆژی دوایی، بەیانی زوو یۆکۆ خواحافیزیی لە خێزانەکەیان کرد و دێکەی خۆیانی جێهێشت و بەرەو باشوور ملی رێی گرتەبەر. لە دڵی خۆیدا ئەم سەفەرەی بە سەفەرێك لە قەڵەم ئەدا بەرەو خۆر. ساماڵی جیهان و پرشنگی لە دەوری بوون. بە دەم تەیکردنی رێوە هەستی بە شادییەکی پاك دەکرد. ئەو ئازاد و بەختەوەر بوو و، هەموو توێشووی رێگاکەشی بریتی بوو لە باوەڕی بە عیشق و شیعر. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، یۆکۆ کە بە خۆشەویستیی بەفر گەورە





ببوو و هیچ لێی نەدەسڵەمیەوە، ئەوەندەی نەمابوو گیانی بە دڵبەرەکەی بسپێرێت.

یۆکۆ وەختێ لە کێوەکان پەڕییەوە، تووشی بوو بە تووشی زریانێکی سامناکەوە و رێی لێ ون بوو. خۆی دایە دەست هێزەکانی سروشت. لە کەناری مەرگدا، لەژێر گاشەبەردێکدا گیرسایەوە کە تا رادەیەکی زۆر دەیتوانی لە زریانەکە بیپارێزێت و لە مەرگی راستەقینەی دەست سەرما و برسێتی و تینوێتی رزگاری بکات و لە ترۆپکی نائومێدیدا بە زیندوویێتی بمێنێتەوە.

ئەو بە زیندوویی مایەوە تا شەو ئەو دیمەنە ببینێت کە دیوەکەی تری واقیعی پیشان دا، جوانترین شتێك کە تا ئەوکاتە دیبووی، وێنەیەك کە هەرگیز لە بیری نەچۆوە.



www.pertwk.com

## 15

ئەوەی بینیی ژنێك بوو. لە كاتێكا ئەو خۆی لەژێر گاشەبەردەكەدا مات دابوو، ژنەكە لەبەردەمیدا بوو و لە خەون دەچوو. ژنێكی ئەوروپایی، لاو، رووت و سپی روخسار، لەناو بەفرەكەدا خەوتبوو.





## 16

لە راستیدا ئەو نەخەوتبوو، بەڵكو مردبوو و تابووتەكەشی وەك شووشە ناسك بوو. یۆكۆ یەكسەر كەوتە داوی عیشقی ئەم غەریبە رووجوانەوە. نەتدەگوت لای پەیكەرێكی بێڕۆحەوە دانیشتووە. لەبەرئەوەی ئەو لە لاشەیەك نەدەچوو، بەڵكو لە بوونەوەرێكی زیندووی سەرسوڕهێن دەچوو.

وردە وردە لە زەینیدا پرسیار دوای پرسیار دروست ئەبوو: لێرەدا و بەم رووتییە لەژێر بەفردا چیی ئەكرد؟ خەڵكی كوێ بووە؟ لە كەیەوە لێرەدا بووە؟ تۆ بڵێی بە ڕاستی بوونی هەبووبێت؟ ژنە لاوەكە لە نێو داوی سەهۆڵەكەدا لە خەیاڵێكی نامادەی ئەچوو: پرچەكانی، ئاڵتوونیەكی كاڵ، چاوی شین و بەستوو، روخساریشی سپی وەك بەفر.

یۆكۆ كپ و بێدەنگ لێی دەڕوانی و دەتگوت جوانیی ژنەكە ئەوی لە جێی خۆیدا جام كردووە.



www.pertwk.com

## 17

یۆکۆ تا ماوەیەك وایدەزانی خەون دەبینێت. وایدەزانی وێنەی ئەو ژنە لاوە زادەی خەیاڵاتی خۆیەتی. بەڵام ئەوەی دەیبینی

خەیاڵ نەبوو. هەر بە ڕاستی ژنەکە لەبەردەمیدا بوو و یۆکۆ گرفتاری عیشقی ببوو.

یۆکۆ بە درێژایی ئەو شەوە چاوی بڕیبووە ئەو و چاوانی خۆی لە وێنەی خانمی بەفرین تێرکرد و، دەتگوت قەت لە تەماشای تێر و ماندوو نابێت، تەنانەت بۆ ساتێکیش.

ئەو شەوە سەرباری سەرما و، بێ ئەوەی جووڵەی بۆ بکات، لە جێی خۆیدا مایەوە و چاوی بڕیبووە ئەو جوانییە بێهاوتایە.

ئەو شەوە، بە لایەوە زەمەن وەستابوو. هەر بە ڕاستی ئەم ژنە کێ بووە و بۆچی لێرە بووە؟ لەم بارەیەوە





هیچی نەدەزانی. بەڵام لە یەك شت دڵنیابوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەم پیر دەبێت و دنیا جێدێڵێت. بەڵام ئەم روخسارە جوانە خەوتووەی ناو ئەم بەفرە، هەرگیز پیرنابێت و تەنانەت دوای مەرگیشی و تا ئەبەد خۆشەویستیی بۆ ئەم ژنە لەوێدا دەمێنێتەوە.



www.pertwk.com

## 18-

لەگەڵ یەکەم پرشنگی بەیاندا، یۆکۆ وەکو نیشانە خاچێکی لەسەر ئارامگای ژنەکە چەقاند. پاشان ملی ڕێگای گرتەوەبەر. ئەو چیتر نەیدەتوانی ئەوەی لەبیربچێتەوە کە بینیویەتی. بە درێژایی ڕێگاکە، وێنەی خەیاڵیی ژنە لاوەکە لێی نەدەبۆوە و لەگەڵیدا بوو.

عەسری ئەو ڕۆژە چووە نێو دێیەکی بنار ئەو شاخە. هێندە ماندوو بوو، لە مەیدانی دێکەدا و لای کانییەکی بەستووەوە لە هۆش خۆی چوو. لەنێو خەڵکی دێکەدا، جووتیارێکی بەساڵاچوو فنجانێك ساکیی بۆ هێنا. یۆکۆ چاوی کردەوە و سەیرێکی کابراکەی کرد و قومێکی لە فنجانەکە دا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لە پیرەمێردەکەی پرسی:





-ئەو ژنە کێیە؟ دیسانەوە لەناو بازووەکانی پیرەمێردەکەدا لە هۆش خۆی چووەوە.

حەوت ڕۆژی خایاند تا یۆکۆ هێزی هاتەوە بەر و توانیی درێژە بە سەفەرەکەی بدات. بە درێژایی ئەو حەوت ڕۆژەش، یۆکۆ چەندەها جار لە خەونیدا وێنەی ئەوە خانمە بەفرینەی ئەبینی. سەرەنجام لە خەوەکەی بێداربۆوە و سوپاسی ئەو جووتیارە پیرەی کرد کە بە درێژایی ئەو ماوەیە چاودێریی کردو جارێکی دی کەوتەوە ڕێ و چیتر لای کەس باسی ئەوەی نەکرد کە بینیبووی.



www.pertwk.com

## 20

بـــەمجۆرە سەرتاســـەری ژاپـــۆن گـــەڕا، تـــا بەیانییـــەك گەیشتە بـەردەرگای مـاڵی سـوزوکی. خزمـەتکارێك کـە ناوی هوروشی بوو دەرگاکەی لێکـردەوە: پیرەمێردێکـی دەم بە خەنـدەی میهرەبـان بـوو، کـە روومەتـەکانی بـە قووڵا چووبوون و قژی خۆڵەمێشی بوو.

یۆکۆ وتی:

-شاعیرێك لە دەرباری می‌جی منی بۆ ئێـرە نـاردووە تـا لای مامۆسـتا سـوزوکی فێـری هونـەری بـەکاربردنی رەنگەکان بم.

خزمەتکارەکـــە چـــووە پەنایەکـــەوە و یۆکـــۆ چـــووە ژوورێکـی کـپ و خامۆشـەوە و بـە چوارمشـقی لەسـەر حەسـیرێك دانیشـت. بـاخێکی سـەوز بەرامبـەری بـوو. پیاڵەیەك چای گەرمیان بۆ هێنا.

لە دەرەوەش، نـزیك رووبارەکـە، باڵندەیـەکی خۆشـئاواز ئەیخوێند.





یۆکۆ وتی:

-من لە رێگایەکی دوورەوە هاتووم، شاعیرم. یان راسـتتر بیڵێم، شاعیری بەفرم. هاتووم لەسەر دەسـتی مامۆسـتا سوزوکی شت فێرببم.

هوروشی سەرێکی ئەرێی راوەشاند و وتی:

-ئەتـەوێ بـۆ مـاوەی چـەندێك لەسەردەسـتی مامۆسـتا شت فێربیت؟

-هەرچـەندێك بێـت. مـن ئەمـەوێ بـبم بـە شـاعیرێکی تەواو.

-تێدەگـەم. بـەڵام دەبـێ ئـەوە بزانیـت کـە مامۆسـتا بـە ساڵاچووە و زۆر زوو مانـدوو ئـەبێت. هـەمووی چـەند رۆژێکی لە تەمەندا ماوە. هەربۆیـە بـە تـەنها قوتـابیی هەڵبـــژاردە وەردەگرێـــت، ئـــەوەش رۆژی دووجـــار: بەیانیان و ئێواران.

-شتێکی ئاسـاییە. ئەگـەر منـیش شـایانی ئـەوە نـەبووم ببم بە قوتابیی ئەو، ئەوا یەکسەر ئێرە جێدێڵم.



www.pertwk.com

-مامۆستا سوزوکی توانایی ئێوە هەڵدەسەنگێنێت. هەر ئێستاش دێت بۆ ئێرە.

هوروشی دەستی بۆ پیاوێك راکێشا کە بە خاترجەمییەوە لە باخەکەدا هەنگاوی دەنا. یۆکۆ گەڕایە دواوە تا مامۆستا ببینێت. پیرەمێردێکی بینی کە ریشێکی سپی و درێژی هەبوو و بە ئارامی بەڕێدا دەڕۆیشت و زۆر بە وردی هەنگاوی دەنا، دەتگوت بەسەر تەنافدا دەڕوات. ئەم پیاوە زەردەخەنەیەکی شاد لەسەر لێوی بوو و چاوانی نووقابوون.

-ئەمە مامۆستای رەنگەکانە؟!

-بەڵێ، خۆیەتی، نیگارکێشی گەورە، سوزوکی.

-بەڵام ئەو.. چاوی..

-راستە، مامۆستاکەی من نابینایە.

**21**





چۆن نابینایەك ئەتوانێ ئەو فێری هونەری رەنگەکان بکات؟ ئەو شاعیرە دەربارییە، لەو بنی دنیایەوە ئەمی ناردووە بۆ لای کەسێك فێری هونەری بەکارهێنانی رەنگەکانی بکات کە خۆی ناتوانێ رەنگەکان ببینێت! یۆکۆ وا بە خەیاڵیدا هات بێ سێ و دوو بگەڕێتەوە کن کەژوکێوە ئازیزەکەی خۆی، بەڵام هوروشی نەیهێشت.

-سەبرکە! وازوو جێمان مەهێڵە. راستە سوزوکی چیدی ناتوانێ وەکو جاران بە روونی رەنگەکان ببینێت، بەڵام ئەو بە پاڵپشتی رۆحی ئەتوانێ شتگەلێك ببینێت کە تۆ ناتوانیت بە چاو بیانبینیت، ئێستاش وەرە با ئەوت پێ بناسێنم.

-بەڵام ئاخر نابینایەك چۆن ئەتوانێ رەنگەکان فێری من بکات؟

-بە هەمان رادەی کە ئەو ئەتوانێ دەربارەی ژنان شتت فێربکات! گەرچی ساڵانێکە لەگەڵ هیچ ژنێکیشدا نەبووە. سەیری رواڵەتی شتەکان مەکە، لەبەرئەوەی



www.pertwk.com

ئەوە گومڕات ئەکات. هوروشی بەبێ ئەوەی بە وردی ئەوی پێ بناسێنێت، بەرەو لای مامۆستا راپێچی کرد.

سوزوکی وتی:

-باشە، تۆ کێیت و چیت لە من دەوێت؟

-من یۆکۆم، شاعیری بەفرم. شیعرەکانم جوانن، بەڵام بە داخەوە زۆر سپین. مامۆستا! فێری نیگارکێشان و رەنگەکانم بکە. سوزوکی زەردەخەنەیەك لەسەر لێوی نەخش بوو و پرسیی:

-زۆر چاکە، تۆش دەتوانیت سەبارەت بە بەفر شت فێری من بکەیت.

**22**





بەڕاستی شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستا، شێوازێکی تایبەت بوو بە تاکەکەس. رۆژی یەکەم، کاتێك هێشتا ڕووبارەکە لە ڕۆشنایی بەیاندا نوقم ببوو، سوزوکی داوای لە یۆکۆ کرد چاوی بنووقێنێت و رەنگ بهێنێتە بەرچاوی خۆی.

-رەنگ شتێك نییە لە ئێمە جیابێت، رەنگ لەناو ناخماندایە. بە تەنها رووناکی لە دەرەوەی ئێمەدایە. پێم بڵێ چی دەبینیت؟

-هیچ! بە چاوی نووقاوەوە هەر رەشایی دەبینم، ئەی ئێوە چی دەبینن؟

-من ئێستاش ئەتوانم رەنگی شینی بۆقەکان و زەردیی ئاسمان ببینم. ئێستا پێم بڵێ کاممان نابیناترین؟

یۆکۆ ویستی بڵێت نە ئاسمان زەردە و نە بۆقەکانیش شینن، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت. لەوانەیە ئەم پیرەمێردە شێت بووبێت. لەوانەیە ئەقڵی لەدەست



www.pertwk.com

دابێت. هەرچۆنێك بێت، یۆکۆ مشتومڕی لەگەڵدا نەکرد.

-مامۆستا، ئێستا ئەتوانم ببینم.

-چی ئەبینیت؟

-رەنگی سووری درەختەکان..

-دەبەنگ مەبە. شتی وا نابێت. ئێرە درەختی لێ نییە.





سەرلەبەیانیی رۆژی دووەم، مامۆستا داوای لە یۆکۆ کرد چاوی بنووقێنێت. پاشان وتی:

-رووناکی لەناو ناخی ئێمەدایە، بە تەنها رەنگ لە دەرەوەماندایە. چاوت بنووقێنە و پێم بڵێ چی ئەبینیت؟

-مامۆستا، رووناکیی سپیی بەفر ئەبینم.

ئەوەی گوت و زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوی. ئەو رۆژە رۆژێکی جوانی بەهار بوو. خۆر لە سندانێکی سوور ئەچوو.

-راستە. زستانی رابردوو لێرەدا بەفر باری. تۆ بینینت دەستپێکرد.



www.pertwk.com

بەم جۆرە مامۆستا یۆکۆی بە قوتابیی خۆی قبووڵ کرد و هوروشیی خزمەتکاریش بوو بە هاوڕێی.

شەوێکیان یۆکۆ لە هوروشیی پرسی:

-مامۆستا کێیە؟ ئایا بە ڕاستی ئەو هەموو شتێك دەربارەی هونەر ئەزانێت؟

-سوزوکی گەورەترین هونەرمەندە لە سەرتاسەری ژاپۆندا. ئەو هەموو شتێك دەربارەی نیگارکێشان و شیعر و جواننووسی و سەما ئەزانێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو ئەگەر عاشقی ژنێك نەبووایە، هونەرەکەی ئاوەها نەدەگەیشتە لووتکە.

-ژنێك؟

-بەڵێ، ژنێك. لەبەرئەوەی لەنێو تەواوی هونەرەکاندا خۆشەویستی قورسترینیانە و شیعرگوتن و سەما و ئاوازدانان و نیگارکێشان، هەموو ئەمانە لە خۆشەویستی دەچن. خۆشەویستی لە ڕۆیشتن ئەچێت بەسەر تەنافدا و لە بەرزاییەکی زۆردا. سەختترین شت





ئەوەیە بەرە و پێشەوە بڕۆیت و نەکەویت. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە بەسەر سوزوکیدا هات. ئەو دواجار کەوت، لە پێناوی عیشقی ژنێکدا کەوت. بە تەنها هونەرەکەشی بوو ئەوی لە نائومێدی و مەرگ پاراست. ئەمە بەسەرهاتێکی دوور و درێژە و بڕواناکەم مەبەستتان بێت بیبیستن.

یۆکۆ بە تکاوە وتی:

-نە، تکایە بۆم باس بکەن.

-بەسەرهاتەکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەروەختێك کە مامۆستا سامورایی بوو.

-سوزوکی؟ سامورایی بوو؟ تکات لێ ئەکەم بەردەوام بە. هوروشی قومێك ساکیی خواردەوە و لەسەر داوای کوڕە لاوەکە، بۆ یادەوەرییەکانی رابردوو گەڕایەوە.

-هەموو شتێك بە ئەفسوونێك دەستی پێکرد..



www.pertwk.com

# بەشی دووەم

## 25





هەموو شتێك بە ئەفسوونێك دەستی پێكرد. رۆژێك لە رۆژانی زستانی ساڵی هەزار و هەشتسەد و... سوزوكی لە شەڕێك دەگەڕایەوە. ئەو دەمە بوو كە كەوتە داوی عیشقی ژنێكەوە، ژنێك جیاواز لەو ژنانەی كە پێشووتر بینیبوونی.

ئەو رۆژانە مامۆستا سامورایی بوو، خزمەتی ئیمپراتۆری ئەكرد. لە شەڕێكی سەختدا بەشداریی كردبوو، شەڕێك كە بە سەركەوتنێكی مەزن و چاوەڕوان نەكراو كۆتایی هات. بەسەرفرازییەوە دەگەڕایەوە، بریندار بوو بەڵام سەركەوتوو بوو. لە ئەنجامی شمشێروەشاندنی دوژمنەوە زامێكی قووڵ كەوتبووە پشتی.

سوزوكی نەیدەتوانی ئەم ڕووداوە لەبیر خۆی بەرێتەوە: تامی خۆڵ و خوێن لە دەمیدا و، چەكدارانی دوژمن كە خۆیان ئەدا بەسەریدا و، ئەو روخسارە مۆن و گرژ و تووڕەیەی كە دەتگوت ئەیەوێ



www.pertwk.com

ناوسکی ئەم بدڕێ و بە ناویدا گوزەر بکات. سوزوکی هەستی بە ساردیی دەمی تیغەکە ئەکرد لەسەر تەوێڵی و پاشان نەڕەیەك کە لە گرمەی هەور دەچوو، وەکو زرمەی تۆپخانەیەك هاتە گوێ و ئیدی هیچ، هیچ، مەگەر لاشەیەکی بێ سەر کە لوولی ئەخوارد و تلۆر ئەبۆوە بەرەو لای ئەم و قورسایی جەستە نیوەگیانەکەی، نووکی شمشێرەکەی تا قوولایی شانی ئەو برد. دەتوت سامی گۆڕەپانی جەنگێکی نەناسراو بەسەریدا سەپا.

ئەو رۆژگارە بارودۆخەکان بەم جۆرە بوون. رۆژگاری جەنگاوەری و ئەنجامی شەڕیش یان مردن بوو، یان بریندار بوون.

ئیدی ئەم سامورایییە تەواوی تەمەنی نەیتوانی لەدەست یادەوەریی ئەو پیاوە بێ سەرە، ئەو ترسناکترین وێنەیە، رزگاری بێت.





سوزوکی لە حەژمەت ئەو زەبری شمشێرە لە هۆش خۆی چوو. لەنێو گۆڕەپانی جەنگدا کەوت و هەموو وایاندەزانی کوژراوە. تەواوی ئەو شەوەی لەژێر لاشەی بێگیانی کابرای بێسەردا بەسەر برد. سەرەنجام، بۆ بەیانیی رۆژی دوایی، کەسێك گوێی لە هاوار و ناڵەی بوو. کە لاشەکەیان لەسەری لادا، روخساری تۆقیوی سوزوکی دەرکەوت. بردیان و خستیانە ژێر چاودێرییەوە، بەڵام ئەم ساموراییە تا ماوەیەکی زۆر ورێنەی ئەکرد. تەنانەت دوای ئەوە بە هەفتەیەکیش هێشتا هەر ئاسەواری ترس لە چاویدا دەبینرا.

ئیمپراتۆر سەردانی کرد و پیرۆزبایی لێکرد و سوزوکیش شانازیی بەوەوە کرد، گەرچی دیسانەوە ئەم شانازیکردنە لە چاو ئەوەدا کە بینیبووی، لەکەدار ئەینواند.

کاتێ سوزوکی هاتەوە سەرخۆی، بەرەو دێکەی خۆیان گەڕایەوە و وازی لە جەنگاوەری هێنا، نەك لەبەر



www.pertwk.com

بڕینەکەی -چونکە ئەو بە درێژایی تەمەنی جەنگاوەریی، شەش جار بریندار ببوو- بەڵکو لەبەرئەوەی رقی بەرامبەر بە جەنگ لا پەیدابوو. پاش بەسەربردنی تەمەنێك لە جەنگاوەریدا، هەستی دەکرد چیتر حەزی بە شەڕ و کوشتار نییە. بەم جۆرە وازی لە سوپا هێنا و ڕێگای ماڵەوەی گرتەبەر. لەم کاتەدا بوو کە ئەو پەرجووە ڕووی دا.

لەشی ماندوو و سەرمابردە و ترس لێنیشتووی جەنگ، کە هێندەی نەمابوو پەکی بکەوێت، لە نێوجەرگەی تاریکی و بەدبەختیدا هەستیکرد زۆر تەنیایە و، لەو ساتەدا کە دەبووایە لەتاو ماندوویێتی و لە برسانا و لە سەرمانا، سەدان جار بمردایە، لەوساتەدا بە زیندوویێتی مایەوە.

بەڵێ، بە زیندوویێتی مایەوە تا ئەو ڕۆژە ڕووەکەی دیکەی ڕاستی ببینێت، دیمەنێك کە بێگومان بۆ





سڕینەوەی یادەوەریی ئەو ترسەی لە بینینی پیاوە بێسەرەکەوە سەرچاوەی گرتبوو،
ڕووبەڕووی بۆوە. سەرسوڕهێنەرترین و جوانترین شتێك کە تا ئەو ڕۆژە دیبووی، دیمەنێك کە هەرگیز فەرامۆشی نەکرد.

## 26

ئەوەی بینیشی، ژنێك بوو، ژنێکی لاو کە بەسەر تەنافێکدا ئەڕۆیی کە کەوتبووە ژوور ڕووبارێکی



www.pertwk.com

سیمینەوە. جووڵەکانی سەنگین و نەرم بوون، دەتگوت هێزێکی ئەفسووناوی بەرەو پێشەوەی دەبات. کاتێ شیشی هاوسەنگییەکەی بە دەستەوە بوو و لەسەر ئەو پەتە باریك و نەبینراوە وەستابوو، لەبەرچاوی ئەوانەدا کە تەماشایان دەکرد، وەك فریشتە ئەینواند.

سوزوکی کە کەوتبووە ژێر سیحری جوانیی ئەو ژنەوە، کەمێك لە رووبارەکە نزیکتر بۆوە. ئەوە یەکەم جاری بوو ژنێکی ئەوروپی ببینێت.

لەبەرچاوی ئەمدا وا پێدەچوو ئەو لە حاڵەتی فڕیندا بێت. شەیدایانە و بێئاگایانە نزیکتر بۆوە، تا ئەو جێیەی کە ژنەکە ڕێك بە ژوور سەریەوە بوو.

ئاپۆرەیەکی زۆر لە کەنار رووبارەکە کۆببوونەوە و نوقمی ئەم دیمەنە سەرسووڕهێنە ببوون.

سوزوکی لە پیرەمێردێك نزیکبۆوە و هەر بە دەم سەیرکردنی ئاسمانەوە لەوی پرسی:

-ئەم ژنە کێیە؟





پیرەمێردەکە بەبێ ئەوەی رووی تێبکات، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وەڵامی دایەوە:

-ژنێکی تەنافبازە، گەرچی لە باڵندەیەك ئەچێت کە لە ئاسماندا کەوتبێتە داوەوە.



www.pertwk.com

## 27

بەڵی ئەو تەنافبازێك بوو و بە درێژایی ژیانیشی دوای هێڵێك دەکەوت، هێڵێك کە بە شێوەیەکی راست و رێك لە بەردەمیدا کێشرابوو.

## 28

ئەو ژنە لە فەرەنساوە هاتبوو و ناوی بەفر بوو. بۆیە ئەم ناوەشیان لێنابوو، لەبەرئەوەی پێستی لەشی زۆر سپی بوو و چاوەکانی شینێکی بەفرئاسا و قژیشی





ئاڵتوونییەکی کاڵ بوو. هۆیەکی دیکەش ئەوە بوو کە ئەو وەکو کلووە بەفر لە ئاسماندا دەلەنگایەوە.

ئەمەش سەرەتای بەسەرهاتەکە بوو. رۆژێکیان کە هێشتا بەفر کیژۆڵەیەکی لاو بوو، سێرکێکی گەڕۆکی بینی و، ئەمەش بووە مایەی سەرسامکردنی. وایدەزانی خەون ئەبینێت، بە چاوی کراوەوە خەون دەبینێت.

هەر لەوێدا زانیی کە ئەوە ئەو رێوڕەسمەی ژیانە کە خوازیارێتی. بۆیە ئیتر بڕیاری دا ببێت بە تەنافباز. ئیدی لەو کاتەوە تا دەهات بەرەو پێشەوە دەچوو و رۆژ بە ڕۆژیش تەنافەکەی بەرزتر دەکردەوە. سەرەنجام توانیی ببێتە ئافرەتێك لە یەکەمین ئافرەتە تەنافبازەکان.

بەم جۆرە پێی لەسەر تەناف دانا و ئیدی هەرگیز بۆ زەوی نەگەڕایەوە.



www.pertwk.com

## 29

خۆشەویستی بۆ هاوسەنگی وای لە بەفر کرد تەنافبازی هەڵبژێرێت. لەو دەمەوە ڕێی ژیان لەبەردەمیدا والا بوو، وەك والابوونی پەتێکی لێکئالاو،





پەتێکی لێکئالاوی پڕ پەنا و پێچی قەدەر و هەمواریی بوون. وردە وردە شارەزایی لە هونەرەکەی خۆیدا پەیدا کرد و، بەسەر مەترسیی بەردەوامی ڕۆیشتن بەسەر تەنافدا زاڵبوو.

هیچ کاتێکی هێندەی ئەو کاتە خۆش نەبوو کە بەسەر تەنافێکدا ئەڕۆیی کە هەزار پێ لە زەوییەوە بەرز بوو. سەیری پێشەوەی خۆی ئەکرد و بێ ئەوەی پێی بترازێ. ئیدی ئەوە چارەنووسی ئەو بوو؛ وردە وردە لە سەرتاسەری ژیاندا بەرەو پێشەوە بچێت.

## 30

بەفر بە نمایشەکانی خۆی سەرتاپای ئەورووپای هەژاندبوو. کە پێی نایە نۆزدە ساڵییەوە، چەندەها



www.pertwk.com

فرسەخی لەسەر تەناف بڕیبوو و لەگەڵ هەر هەنگاوێکیشدا، ژیانی خۆی خستبووە مەترسییەوە.

تەنافەکەی لە بەینی هەردوو بورجەکەی کلێسای نۆتەردامدا لە پاریس بەستبوو و بۆ ماوەی چەند کاژێرێك هاوسەنگیی خۆی پاراستبوو، بەسەر کلێسای ئیزمیراڵداوە، لەنێو با و بەفر و بێدەنگیدا بە ئاسمانەوە مابۆوە.

لە هەموو شارە گەورەکانی ئەوروپادا نمایشی پێشکەش کردبوو و لەگەڵ یاساکانی هاوسەنگیدا کەوتبووە ململانێوە. ئەو تەنافبازێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو لە ئاسماندا بە جۆرێك بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا کە دەتگوت هێزێکی سیحراوی لە دواوە پاڵی پێوە دەنێت.

کاتێکیش لە خوارەوە سەیری ئەوت ئەکرد لە ئاسماندا، بە بەژنی بەرز و ڕێکیەوە کە لە گرێکی سپی ئەچوو و، بە پرچی ئاڵتوونییەوە کە با گەمەی پێدەکرد، دەتگوت خواوەندی بەفرە. ڕاستیەکەشی ئەوە بوو کە





بەلای ئەوەوە سەختترین شت پاراستنی هاوسەنگی یا زاڵبوون بەسەر ترسدا و یان تەنانەت ڕۆیشتن نەبوو بەسەر تەنافێکی بێ کۆتاییدا؛ بەڵکو هەموو ترسی ئەو لەوە بوو کە نەبادا لەو کاتانەدا کە لە ئاسماندا لارولەنجە ئەکات؛ ببێتە کلووە بەفرێك.

## 31

ناوبانگەکەی، ئەوی بەرەو هەموو دونیا راپێچ کرد. تەنانەت بەسەر تاڤگەکانی نیاگارا و رووباری کۆلۆرادۆشەوە، تەنافبازیی کرد.

پاشان بەبێ ئەوەی پێشتر بە ژاپۆن ئاشنا بێت، بەرەو ئەوێ سەفەری کرد. ئەمە یەکەمجار بوو کەسێکی



www.pertwk.com

بیانی لە وڵاتی ساموراییەکاندا نمایشی خۆی پێشکەش بکات. ئیتر ئەوە بوو ساموراییەك ئەوی بینی و عاشقی بوو. لەبەرئەوەی ئەوەی ئەو بینیی لە یەك کاتدا هەم شیعر و هەم نیگارکێشان و جواننووسی و مۆسیقا و سەماش بوو. ئەو خودی بەفر بوو و، جیلوەی گشت جوانییەکانی هونەر بوو.

کاتێك ئەم ئافرەتە غەریبە روخسار قەشەنگە گەیشتە کەنارەکەی دیکەی رووبارەکە و سەرەنجام گەڕایەوە بۆ زەوی، سوزوکی خۆی پێنەگیرا و چوو بۆ سۆراخی و، توانیی لە نزیکەوە لە ڕوخساری ناسك و، دەم و لێوی رێك و خەتی برۆی وردبێتەوە. لەو ساتەوە دڵنیابوو لەوەی کە ئیدی ئەو روخسارەی لەبیرناچێتەوە. سوزوکی چاوی بڕییە چاوەکانی ئەو و ئەویش کەوتە تەماشای ئەم. پێویستی بە قسەنەدەکرد. ئەو زەردەخەنەیەکی بۆ ئەم کرد و ئیدی سوزوکی بەو زەردەخەنەیە دڵ و دینی لەدەست دا. سوزوکی کەوتە





سەر ئەژنۆ، شمشێرەکەی خستە سەر ئەژنۆکانی و وتی:

-تۆ ئەو کەسەیت کە من چاوەڕێم ئەکرد.

## 32

گەرچی بەفر چاوەڕێی کەسی نەدەکرد، بەڵام ڕەفتارەکەی سوزوکی هێند جوان بوو کە بە قووڵی ئەوی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و بوون بە هاوسەری یەکتر.



www.pertwk.com

ساڵانی سەرەتا گەلێ بەختەوەر بوون. یەكەم منداڵیان ئەوەندەی دی ئەوانی لە یەك نزیك كردەوە. منداڵەكە كچێك بوو كە جوانیی هەمیشەیی دایكی و قژی رەشی باوكی بۆ خۆی بردبوو. ناویان نا كلووە بەفری بەهار. ژیانیان پڕبوو لە ئارامی. وردە وردە بەفر بە ژیانی ژاپۆن راهات. گەرچی هەندێ جار غەریبیی نیشتمانەكەی خۆی دەكرد، بەڵام هەرگیز سكاڵای نەدەكرد. ئەوەی ئازاری ئەوی ئەدا دابڕانی نەبوو لە نیشتمانەكەی، بەڵكو دابڕانی بوو لە تەنافبازی.

شەوێكیان لە خەویدا بە ئاسماندا دەفڕی. بۆ بەیانیی رۆژی دوایی، كاتێك خەبەری بۆوە، خەونەكەی خۆی هاتەوە یاد، بەڵام دواتر هیچ بیرێكی لێ نەكردەوە.

زستان كۆتایی هات و پاشانیش بەهار. تا دەهات رۆژەكان درێژتر ئەبوون و كیژۆڵەكەشیان گەورەتر. بەفر خۆشحاڵ بوو. لە سەرێكەوە هاوسەرەكەی خۆشدەویست و لە سەرێكی تریشەوە كچەكەی. ئەم





هاوسەنگییەش بۆ راگرتنی ئەو لەسەر تەنافی بەختەوەری بەس بوو.

## 33

سەرەنجام رۆژێك هات كە ئەو هاوسەنگییە رما. كاتێك كە چیدی ئەو خۆشەویستییەی ئەوان بۆ راگرتنی هاوسەنگیی بەختەوەریی ئەو بەس نەبوو. دیسانەوە كەڵكەڵەی ژیان لە ئاسماندا لە سەری دایەوە. دیسانەوە هەستی كرد سەوداسەری بەرزاییەكان و جەربەزەیی و هەست بە سەركەوتنی رۆیشتنە بەسەر تەنافدا.



www.pertwk.com

ویستی بەسەر تەنافێکدا بڕوات کە لە نێوان دوو ترۆپکدا بوو. هاوسەرەکەی بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم یاریکردنە خەتەرناکە بە ژیان، شێتی یەکە بۆ خۆی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا قبووڵی کرد و وەکو ساموراییەکی ڕەسەن بۆی نوشتایەوە.

رایسپارد تا بڕێك تەنافی زیوینی لە ئەورووپاوە بۆ بهێنن. پاشان دوو خزمەتکاری نارد تا تەنافەکە لە نێوان دوو لووتکەی بەرزداو لە ناوجەرگەی ویلایەتی هون شودا بە قایمی هەڵبواسن.

بەفر قەیتانی پێڵاوە تایبەتەکانی خۆی بەست. شیشی هاوسەنگییەکەی لە سندووقەکە دەرهێنا و لە باخەکەی خۆیاندا چەندەها کاژێر خۆی بە مەشقەوە خەریك کرد. بۆ چەند جارێك لە سەروو گردۆڵکەیەك لە گوڵ و دەریاچەیەکدا کە گوڵی نیلۆفەڕی زەردباو پۆشیبووی؛ بەسەر تەنافەکەوە تەنافبازیی کرد.

سوزوکی لە سەیرکردنی تێر نەدەبوو. هاوسەرەکەی بەسەر تەنافەکەوە، سەمازانێکی بێهاوتا بوو.

بەو جۆرەی تەماشای هەنگاوانی ئەوی دەکرد، پێی وابوو شادمانترینو جوانترینو نەمرترین ژنی





دونیایە؛ ڕۆژانە سوزوکی لەبەر ئەوەی لەبەهرەی ئەو بێبەریی نییە، ستایشی خودای ئەکرد.

پەرچەمەکانی زێڕینو نیگای زوڵاڵ بووو لەئاسماندا لارو لەنجەی دەکرد.

## 34

قەرار بوو ئەم نمایشە لە ڕۆژانی سەرەتای هاویندا پێشکەش بکرێ. لە سەرانسەری وڵاتەوە خەڵك بۆ تەماشای هاتن. تەنانەت وتیان ئیمپراتۆر خۆیشی ئامادەی ئەو نمایشە بووە و لای ساموراییەکەوە وەستاوە.



www.pertwk.com

هەر ئەوەندەی بەفر پێی خستە سەر تەنافەکە، واتە وات لەنێو حەشاماتەکەوە بەرزبۆوە. ئەو هێند بەرز بوو، دەتوت خاڵێکی سپیی بچکۆلەیە لە ئاسماندا و، وەکو کلووە بەفرێکی نێو شینایییەکی بێکۆتایی دەهاتە بەرچاو.

بە شیشەکەی دەستیەوە، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچوو و هێدی هێدی لە لووتکەی کێوەکەی تر نزیك دەبۆوە.

هەر خولەکێك لە کاژێرێك دەچوو، لە خوارەوە هەموو هەناسەیان لە سینەیاندا توند ببوو. بە تەنها هەنگاونانێکی هەڵە، مەرگێکی حەتمیی بەدواوە بوو.

ژنە لاوەکەش هەر بەرەو پێشەوە دەچوو، هەنگاو بە هەنگاو، سات بە سات، هێور و بێدەنگ.. بێ هیچ سڵەمینەوەیەك.





## 35

لە پڕێکا تەنافەکە شل بۆوە و گرێی تاشە بەردەکە کرایەوە. بەفر بە خۆی و شیشی هاوسەنگییەکەیەوە کەوتە خوارێ. ئەم دیمەنە وا دەهاتە بەرچاوی حەشاماتەکە، کە دەتگوت باڵندەیەکە و بە ئاسمانەوەیە. بێگومان دیارە کەوتۆتە چاڵە بەفرێکەوە



www.pertwk.com

و ئیدی لە چاو ون بووە. بەفر بوو بە بەفر و لە پێخەفێکی سپیدا خەوێکی ئەبەدیی لێکەوت.

## 36

ئیدی سوزوکی هەرگیز نەیتوانی لەژێر باری کارەساتی لەدەستدانی هاوسەرەکەیدا، راست بێتەوە. یەکسەر ئەو دوو خزمەتکارەی دەرکرد کە تەنافەکەیان بەستبوو. دوای چەند رۆژێکیش خەبەر هات کە هەردووکیان خۆیان لە شاخێکەوە فڕێداوەتە خوارەوە و مردوون. بەڵام بە لای سوزوکی یەوە ئەم خەبەرانە





نە مایەی ترس بوون و نە جێی ئومێد. ئەو بەسەر کۆستی خۆیدا کەوتبوو . دەیزانی ئیدی نە ژنە خۆشەویستەکەی خۆی دەبینێتەوە و نە جوانییەکی بێهاوتای دیکەی لەو چەشنە.

گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، وەلێ تازە ژیانی بە تاڵ و خاڵی بوو. جلە سەربازییەکەی فڕێدا، لەبەرئەوەی رۆژگاری ساموراییی بوونی تەواو بووبوو. ئیتر نەچووەوە ریزی سوپای ئیمپراتۆر. لەبری ئەوەش بە تەواوەتی خۆی بۆ کچەکەی و بۆ هونەر تەرخان کرد، هونەرێکی پەتی. ئەو بۆنی ژنەکەی بە کچەکەیەوە ئەکرد و ئەمەش بۆ ئەو سەرچاوەی ئیلهام بوو. ئەو بەو ئومێدە بوو کە بۆ جارێکی دی لە رێی هونەرەوە ئەو هاوسەنگییەی ژیانی بەدەست بهێنێتەوە کە لە ئەنجامی مەرگی هاوسەرەکەیەوە لە دەستی دابوو. ئەو لە رێی عیشقی ژنێکەوە، توانیی لە یەك کاتدا ببێت بە شاعیر و مۆسیقازان و جواننووس و سەمازان و



www.pertwk.com

هەروەها بە نیگارکێشیش. لەبەرئەوەی کە نیگارکێشان تاقە داوی پەیوەندیی راستەوخۆی ئەو بوو لە نێوان سیمای خۆشەویستەکەی و هونەری پەتیدا و، تاقە رێگای دۆزینەوەی بەفر بوو، بۆیە مامۆستا لەم هونەرەدا کەوتە پێش هەمووانەوە.

سوزوکی ستاندێکی لە دار دروستکراو و، چەند فڵچەیەکی ئاوریشم و، پالێتێك و پاکەتێکی تەواوی رەنگی کڕی و، لە گۆشەیەکی باخەکەدا ژوورێکی کپ و خامۆشی بۆ خۆی دروست کرد و، خۆی تیا بەند کرد.

ئەو ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ کێشانی وێنەی سیمای ژنێك کە هیچ ئومێدێکی بە بینینەوەی نەمابوو مەگەر لە خەوندا.

بەڵام هەرگیز لە کارەکانی خۆی رازی نەبوو. گەرچی تابلۆکانی زۆر جوان بوون، وەلێ بەلای ئەوەوە لەو نەدەچوون، لەبەرئەوەی رەنگیان زۆر بوو. بۆ کێشانی





وێنەی راستەقینەی بەفر، دەبووایە وێنەیەکی فرەسپیی بکێشابایە، وێنەیەك کە بێدەنگ بێت.

بەڵام چۆن دەیتوانی وێنەی ئەو سپێتییە زۆرە بکێشێت؟ وێنەی روخسارەکانی ژنە لاوەکە هەموو جوان بوون، بەڵام هیچیان لە ڕوخساری ئەو نەدەچوون.

سوزوکی لەسەر نیگارکێشان بەردەوام بوو و شەو و ڕۆژی خستە سەریەك و هەرگیز لە کارکردن بێزار و ماندوو نەدەبوو.

بەڵام وێڕای ئەمانەش پیری رووی تێکرد. کچەکەی گەورە بوو و، بووە ئافرەتێکی شۆخ و سوزوکی بۆ تەواوکردنی خوێندن ناردی بۆ تۆکیۆ. خۆیشی بە تەنیا بەرامبەر تابلۆکانی دەمایەوە و لە خەیاڵی هاوسەرە لە دەستچووەکەیدا نوقم دەبوو. لە ئەنجامی کارکردنی بەردەوامی ساڵانێکی زۆریشەوە؛ وردە وردە چاوەکانی سۆمایان تیا نەدەما.



www.pertwk.com

تا کار گەیشتە ئەوەی بە تەواوەتی چاوەکانی کوێر بوون و رێك لەو ڕۆژی کوێربوونەشیدا بوو کە سوزوکی توانیبووی جوانترین و سپیترین تابلۆی خۆی بکێشێت.

# بەشی سێیەم





## 37

هوروشی وتی:

-باشە، ئیتر ئەمە تۆو ئەمەش کۆتایی چیرۆکەکە: مامۆستاکەی من هەرگیز ئەو هاوسەرەی خۆی لەبیرنەچۆوە. هەرگیز وازی لە عیشقی ئەو نەهێنا و دەسبەرداری وێنەکێشانی سیمای ئەو نەبوو؛ تا ئەوکاتەی بە تەواوەتی چاوەکانی کوێر بوون. لە راستیدا، لەو کاتەوەی کوێر بوو زیاتر سەرگەرمی وێنەکێشان بوو، لەبەرئەوەی سوزوکی لەناو قووڵایی تاریکیدا توانیی وێنەی سپێتی بکێشێت و، سپێتیی



www.pertwk.com

پەتی بدۆزێتەوە. ئەو لەوە تێگەیشت کە لە بنەڕەتدا ڕۆشنایی ڕاستەقینە و ڕەنگی ڕاستەقینە پەیوەندییان بە جوانیی ڕۆحەوە هەیە. ئەو بە چوونە ناو دەڤەری وێنەکێشانی ژنە ونبووەکەیەوە، گەیشتە هونەری ڕەها. ئیدی لەوەودوا و لەو کاتەوەی کە هیچ ڕۆشناییەك لە چاوانیدا نەمابوو، بوو بە مامۆستای ڕووناکی و سێبەر و بە گەوهەری تەواوی هونەرەکانی دونیا گەیشت. هەر لەم ڕووەشەوەیە کە سوزوکی بە هونەرمەندێکی گەورە ئەژمێردرێ.

خزمەتکارەکە بێدەنگ بوو. سەرتاپای یۆکۆ هاتە لەرزین. سەیرێکی پیرەمێردەکەی کرد و وتی:

-من ئەزانم ئەو ژنە لە کوێیە. من لە ڕێمدا بەرەو ئێرە بەلای ئەودا تێپەڕیم. گەرچی مردووشە؛ بەڵام زیندوو دێتە پێشچاو. لە تابووتێکی شووشەییدایە. ئەوەندەش جوانە کە من شەوێکی تەواو نوقمی تەماشاکردنی بووم.





لە کاتی قسەکانیدا نیگای یۆکۆ لەسەر وێنەیەکی نادیاری دوور بوو، دەتوت پەردەیەك ئاوریشمی خەونیان داوە بەسەر چاویدا. بەسەرهاتێکی بەرز و خەماوی بوو و گەڕانەوەش لێی دژوار بوو.

هوروشی بەباوەڕەنەکردنەوە زەردەخەنەیەکی کرد و سەرێکی بۆ پیاوە لاوەکە ڕاوەشاند.

## 38

بۆ ڕۆژی دوایی، کاتێك لە قەراغ ڕووبارەکە دانیشتبوون، سوزوکی داوای لە یۆکۆ کرد چاوی بنووقێنێت و سپێتی بهێنێتە بەرچاوی خۆی.

-سپێتی ڕەنگ نییە، بەڵکو بێڕەنگییە. چاوت بنووقێنەو و پێم بڵێ چی دەبینیت.

-مامۆستا تابووتێکی شووشەیی دەبینم، ژنێك تیا ڕاکشاوە، ژنێکی لاو، ڕووت و نەرم و نیان، هەر ئەڵێی خەونە. ئەو مردووە و ئەڵێی لەژێر سەهۆڵەکانی



www.pertwk.com

ناوجەرگەی کێوەکانی هۆن شودا خەوی لێکەوتووە.
ناوی بەفرە و من ئەزانم لە کوێیە.
سوزوکی کە ئەم قسانەی بیست لە جێی خۆیدا وشك بوو. بە چاوە کوێرەکانیەوە لە ئاسۆی روانی و وتی:
-تۆ ئەم شتانە لە کوێوە ئەزانیت؟ بە راستی تۆ کێیت؟ پەیامهێنێکی دونیای مردووانیت؟ کەس نازانێ ئەو لە کوێیە. دەمێکە ئەو کەژوکێوە ئەویان لە من سەندۆتەوە.
-نەخێر! ئەو کەژوکێوەی کە ئەوی لەتۆ سەندبۆوە، وا بۆتی گەڕاندەوە. وردە وردە و بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، لەشکری بەفر جەستەی ئەویان لە چاڵە بەفرەکە دەرهێناوە. ئەو ئەوەتانێ لەوێ، لەژێر توێژێك سەهۆڵدایە و رێك لەژێر توێژەکەی سەرەوەدایە. ئەو وا لەناو تابووتە شووشەییەکەی خۆیدا خەوتووە؛ زۆر جوانە، رێك وەك دواجار کە





ئەوت تیا بینیوە. من بەڵێنت ئەدەمێ کە ئەزانم ئەو لە کوێیە.
کاتێك بە کەژوکێوەکاندا بەرەو ئێرە دەهاتم؛ بە رێکەوت ئەوم بینی و، بە رادەیەك کەوتمە ژێر کاریگەریی جوانییەکەیەوە کە تەواوی ئەو شەوە من نوقمی تەماشای ئەو بووم. دواتر خاچێکم لەسەر گۆڕە سەهۆڵینەکەی چەقاند. ئەگەر پێت خۆش بێت بۆ ئەوێت دەبەم.
مامۆستا بۆی دەرکەوت کە یۆکۆ راست ئەکات و، چیدی نەیتوانی رێ لە فرمێسکەکانی خۆی بگرێت.
-ئەمزانی کە رۆژێك لە رۆژان پەیامهێنێکم بۆ دەنێرێت. بەڵام ئەو نەیدەزانی کە پەیامهێنەکە وا درەنگ ئەگاتەجێ. پاشان سوزوکی چووە لای یۆکۆوە و دەستی خستە سەرشانی.
-من دوای مەرگیشی، هەموو رۆژێ ئەمویست بیهێنمە بەرچاوم تا لە رێی نیگار و ئاواز و شیعرەوە جوانییە

بەفرئاساکەی روخساری ببینمەوە. بەو خەیاڵەوە کە دەموچاوی وا لە بەردەممدا، گەرچی ئەشمزانی کە چیدی نایبینمەوە.

## 39

ڕۆژی دوایی، پاش تەواوبوونی وانەکە، یۆکۆ لە سوزوکیی پرسی:

-بیرت لەوە کردەوە کە پێم وتیت؟ دەتوانم بتانبەمە سەر مەزاری هاوسەرەکەتان؟

سوزوکی ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:

-کوڕی خۆم! ئەو چوونە چ سوودێکی بۆ من هەیە ؟ ئەزانم ئەوەی وتت راستە، بەڵام چوونە سەر مەزاری هاوسەرەکەم کە ساڵانێکی زۆرە مردووە، بۆ





پیرەمێردێکی وەکو من چ سوودێکی هەیە؟! ئێستا هاوسەرەکەم ئارامە و نابێ ئەو ئارامییەی لێ تێکبدەم. ئینجا یۆکۆی جێهێشت و لەنێو باخەکەدا سەرگەرمی تەماشای گوڵەکان بوو.

## 40

مانگێك تێپەڕی. یۆکۆ ژنی نێژراوی ناو سەهۆڵەکەی لەبیر خۆی بردبۆوە و پێدەچوو سوزوکیش قسەوباسی سەبارەت بەم مەسەلەیە بە فەرامۆشی سپاردبێت.

هەموو رۆژێك مامۆستا بەر لە دەستپێکردنی وانەکە لە یۆکۆی دەپرسییەوە. پاشان بە درێژایی ئەو رۆژە خۆی پیشان نەدەدا و دەمەوشێوانیش بێدەنگیی هەڵدەبژارد.

بەیانیەکیان، پیرەی بەساڵاچوو، بە یۆکۆی وت:



www.pertwk.com

-تۆ تەنها کاتێك ئەبیت بە شاعیرێکی تەواو کە هەموو زانیارییەکانت سەبارەت بە نیگارکێشان و مۆسیقا و جواننوسی و سەما، لە یەك شوێندا کۆبکەیتەوە. هەڵبەت هونەرێکی دیکەش هەیە کە لە هەموو ئەم هونەرانە بۆ تۆ سوودبەخشترە و ئەویش هونەری تەنافبازییە.

یۆکۆ زەردەخەنەیەکی هاتێ. سەیرە! کەواتە مامۆستا هێشتا ئەوی لەبیرنەچۆتەوە.

-بەڵام مامۆستا من چ پێویستیەکم بە تەنافبازی هەیە؟

سوزوکی وەکو مانگی پێشوو دەستی خستەوە سەرشانی یۆکۆی لاو و وتی:

-شتێکی روون و ئاشکرایە! لەبەرئەوەی شیعر چ نییە جگە لە هەنگاونان بەسەر تەنافێك جوانیدا. تەنافێك جوانی، یان چیرۆکێك کە لەسەر لەوحێکی ئاوریشمین نووسراوەتەوە. لەبەرئەوە پێویستە شاعیر وەکو





تەنافبازێك، وشە بە وشە و لاپەڕە بە لاپەڕە بە درێژایی نووسینەکە بەرەو پێشەوە بچێت و قورسترین بەشی کارەکەش ئەوە نییە کە بە قەڵەمەکەی دەستتەوە هاوسەنگیی خۆت لەسەر تەنافی زمان رابگریت، یان راگرتنی رەوتی راستەوخۆی خۆت لە کاتێکا کە لە پڕێکدا نیشانەیەکی وەستان یان خاڵێك رێگاکەت دەگرێت. کێشەی شاعیر مانەوەیە بەسەر تەنافێکەوە کە ناوی شیعرە و، ژیانە لە بەرزاییەکانی خەوندا؛ بەبێ ئەوەی تەنانەت بۆ یەك چرکەساتیش لەسەر تەنافی خەیاڵی بێتە خوارێ و دەست لە خەونەکانی بشوات.

یۆکۆ بۆ ئەو ئامۆژگارییە بەرز و جوانانە، سوپاسی مامۆستای کرد. سوزوکی زەردەخەنەیەك کەوتە سەرلێوی و وتی:

-سبەینێ ئەچین "بەفر" ئەدۆزینەوە.؟



www.pertwk.com

## 41

سپێدەی رۆژی داهاتوو کەوتنەرێ. یۆکۆ لە پێشەوە دەڕۆیشت و سوزوکیش بەدوایدا. کە دەگەیشتنە رێگایەکی خەتەرناکیش، لاوەکە قۆڵی ئەوی دەگرت؛ بەڵام پیرەمێردەکە نەیدەهێشت و، خۆی بەرێدا دەڕۆیی.

شەوانە دەبوون بە میوانی لادێییەکان و لەسەر ئەو قاڵیچانە دەنووستن کە لە ژوورەکانیاندا رایانخستبوون.

هەرکە سوزوکی ناوی خۆی ئاشکرا ئەکرد، بە هێزێکی سیحرییانەوە دەرگای ماڵەکانیان بە روودا دەکرایەوە. دەتوت هەموو ژاپۆنییەکان دەیناسن. یۆکۆ سەری





سوورڕمابوو. تازە بۆی دەرکەوتبوو چەند بەختیارە بەوەی قوتابیی مامۆستایەکی وەهایە.

## 42

سەفەرێکی درێژ و سپێتییەکی بێکۆتایی. سپی وەك چرۆی دارگێلاسەکان، سپی وەك بێدەنگی و خامۆشیی ئەو دوو رێبوارە.

سەرەنجام، رۆژێکیان لووتکەی یەکەمین زنجیرە چیا دەرکەوت. ئینجا سەفەر بەرەو ئاسمانی ساف و ساماڵ دەستی پێکرد، ئەمەش قورسترین بەشی سەفەرەکەیان بوو.

وردە وردە نیشانەی ماندووبوون لە سوزوکیدا بەدەرکەوت، بەڵام یۆکۆ وای پیشان ئەدا کە سەرنجی ئەوەی نەداوە. ئیدی تا دەهات لە ئارامگا سەهۆڵینەکە



www.pertwk.com

نزیـك و نــزیكتر ئەبوونــەوە و ســەفەرەكەیان بــەرەو كۆتایی دەچوو.

## 43

كاتـێ یۆكـۆ چـاوی بـە خاچـەكە كـەوت، هەسـتی كـرد زیاتر دڵی كەوتە پەلەپەل و هاواری كرد:

-دۆزیمەوە، مامۆستا دۆزیمەوە.

یۆكۆ بەرەو تاشە بەردەكە رایكرد؛ بۆ ئەو شوێنەی كە شەوی بەفر و بۆرانەكە خۆی تیا مەلاس دا . زۆری بـۆ هــات و دەســـتی كـــرد بـــە گریـــان. ســـوزوكی بـــە نیگەرانییــەوە لێـی پرسـی: چـی بـووە؟ ئـاخۆ بـەرەو ناوجەرگەی چیاكان هەڵخلیسكاوە؟ ئاخۆ كەوتۆتـە ژێـر هەرەسی بەفرەوە؟

-نـەخێر، هـیچ روونـەداوە. ئـەڵێی لەشـكری بـەفر لـە هاتنی ئێمە بۆ ئێرە خەبـەردار بـووە. بـەفر ئەمـەتانێ





لێرەدایە. جەستەی زیاتر هاتۆتە سەرەوە. بە رادەیـەك هاتۆتــە ئاســتی ســەرەوەی ســەهۆڵەكە كــە ئەوەنــدەی نـەماوە مـن دەسـتم بـەری بكـەوێت. بـەڵێ، ئـەو لـەوێ بـوو: جـوان، رووت و قـووت و، وەك خـەونێك نـەرم و نیـان. گەرچـی مردبـوو، بـەڵام لـە زینـدووان ئەچـوو. ئـەتوت لەسـەر پێخـەفی كریسـتاڵی سـەهۆڵەكە خـەوی لێكەوتووە و ئەوەندە نابات خەبەری ئەبێتەوە.

هەڵبەتە لە یەكـەم نیگـادا رووت دەرنـەدەكـەوت، بـەڵكو لە ئەنجامی مانەوەیەوە لەژێر بەفردا؛ جلەكانی تـەنك ببوونــەوە و بــەمجۆرە بــەدەنی ناسـكتر ببـوو و پێسـتی لەشیشی زۆر سپیتر دەینواند.

یۆكــۆ خــۆی فرێدایــە بــەر پێكــانی و دەســـتی بـــە هەڵكەندن و بـە لادانـی سـەهۆڵەكە كـرد، تـا سـەرەنجام بەفر دەركەوت.

یۆكۆ دەسـتی سـوزوكیی گـرت و بـە هێواشـی خسـتییە سەر روخساری بەفر.



www.pertwk.com

-هەست بە روخساری ئەکەیت؟ هەست بە پێستی لەشی ئەکەیت؟

پیرەمێردەکە دەستی بەسەر روومەتەکانی خۆشەویستەکەیدا هێنا. راستە سوزوکی کوێر بوو، بەلاَم ئەو بۆ هێنانە بەرچاوی ئەو ڕوخسارە پێویستی بە چاوەکانی نەبوو و هەر ئەوەندەی بەس بوو سەری پەنجەی بەر ڕوخساری خۆشەویستەکەی بکەوێت.

-هەر بە راست ئەمە خۆیەتی. ئەمە بەفرە. تۆ ڕاست ئەکەیت. سوزوکی کەوتە سەر ئەژنۆ و دڵۆپە فرمێسکە گەرمەکانی بە روومەتەکانیدا هاتنەخوار.





## 44

ئیدی سوزوکی لەو کەژوکێوە نەگەڕایەوە. لە تەنیشت خۆشەویستەکەیەوە لەسەر سەهۆڵەکە راکشا و چاوی نووقاند. یۆکۆ ویستی لەو کارە پەشیمانی بکاتەوە و وتی ئەوە جۆرێکە لەشێتی. بەلاَم مامۆستا بە دەنگێکی نەرم چون نەرمیی شەونمێکی شێوان وەلاَمی دایەوە:

-من لێرەدا و لەم ئارامییەدا جێبهێڵە. ئاخریەکەی جێی خۆم دۆزییەوە و ئیدی بۆ هەتاهەتایە لێرە دەمێنمەوە.

ئینجا لە تەنیشت جەستەی ژنە لاوەکەوە خەوت. پاشانیش گیانی سپارد و سپێتی گرتییە ئامێزی خۆی. ئەو خۆشحاڵ بوو و بە ترۆپکی بەختەوەری گەیشتبوو.



www.pertwk.com

## 45

یۆكۆ بە تاقی تەنیا لە كەژوكێوەكان گەڕایەوە. بەرەو باكوور ملی رێی گرتەبەر، بەرەو بەفرو، چیدی ئاوڕی نەدایەوە. چیدی لەسەر رێی خۆی لای نەدا، دەتوت بەسەر تەنافێكدا ئەڕوات كە لە باشوورەوە بەرەو باكوور راكێشراوە، هەروەكو رۆیشتنی تەنافبازێك.





## 46

سەرەنجام كاتێ گەیشتەوە ماڵەوە، باوكی داوای لێكرد بە درێژی باسی بەسەرهاتی سەفەرەكەی و ئامۆژگارییەكانی مامۆستای بۆ بكات، بەڵام ئەو هیچی نەوت و وەڵامی نەدایەوە. خۆی لە ژوورێكدا قایم كرد و بۆ چەند رۆژێك نەهاتە دەرەوە.

بەیانیەكیان، كە ئیتر راهیبەكە سەبری نەما، هۆی ئەو رەفتارەی لێ پرسی. یۆكۆ وتی:

-باوكە، سوزوكی كۆچی دوایی كرد. لەبەرئەوە وازم لێبێنە تا شینی بۆ بكەم.

ئینجا دەرگای ژوورەكەی داخست و دەستی كرد بە گریان، بەڵام وێڕای ئەو خۆشەویستی و رێزەی كە بۆ سوزوكیی هەبوو، بۆ مەرگی ئەو نەدەگریا، بەڵكو بۆ خۆشەویستەكەی ئەو دەگریا كە لەناو بەفرەكەدا راكشابوو.



www.pertwk.com

ئەو زۆربەی شەوان ژنە خەوتووەکەی ناو بەفرەکەی لە خەوندا دەبینی، ئەو خەونی بە بەفرەوە دەبینی.
شەوێکیان کیژۆڵەی سەرکانییەکە هات بۆ لای، بەڵام پیاوە لاوەکە ئاخێکی هەڵکێشا و دەستی بە روویەوە نا. کیژۆڵەکە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە رۆیشت و چیتر نەگەڕایەوە بۆ لای.
وەرزەکان هەروەکو خزانی لی ناو کاتژمێری لین تێدەپەڕین. لە رۆژانی سەرەتای زستاندا، بەفر دەستی بە بارین کرد و گەوهەری یەکەمین دێڕە شیعر، ریشاڵەکانی ئاوریشمەکەی رەنگین کرد. یۆکۆ هەستی دەکرد بە نووسینی ئەو وشانە، دڵی دائەسەکنێ. بەڵام ئەم هەستە زۆری نەدەخایاند، لەبەرئەوەی بە تەنها شیعر مایەی سوکنایی و رەوینەوەی وەڕسیی ئەو بوو و هەرکە قەڵەمەکەی دادەنا، دیسانەوە ساردییەك دڵی ئەتەنیەوە. زستانێکی درێژ بوو؛ زستانێکی پڕ لە سپێتییەکی سەرسوڕهێن.





## 48

لە ڕۆژانی سەرەتای بەهاردا، شێوازی نووسینی یۆکۆ گۆڕا. وردە وردە شیعرەکانی رەنگیان لەخۆگرت و ئەوە بووە مایەی سەرسووڕمانی خۆیشی. سەرەنجام ئامۆژگارییەکانی مامۆستا سوزوکی جێی خۆیان گرت. یۆکۆ بوو بە مامۆستا لە شیعردا. چیتر هایکۆکانی رووت و سپییەکی هیوابڕ نەبوون. بەڵکو تەواوی رەنگەکانی پەلکەزێڕینەیان لەخۆ گرتبوو. شیعرەکانی ڕوون و ورد و بارگاوی بوون بە ڕەنگ. بەڵام هەواری دڵی هێشتا هەر غەریبانە بەفر پۆشیبووی.
بەیانیی رۆژێك لە ڕۆژەکانی مانگی نیسان، واتە ساڵێك پاش مەرگی سوزوکی، ژنێکی لاو هات بۆ ماڵیان. راهیبەکە یەکسەر ئەوی ناسییەوە. ئەو قوتابیی شاعیرەکەی دەربار بوو. ئەو ژنە لاوەی کە هەم جێی



www.pertwk.com

تووڕەیی و هەم جێی خۆشەویستیی کوڕەکەی بوو.
بەڵام ئەمجارە هەر خۆی بوو.
راهیبەکە بە ڕێزێکی زۆرەوە پێشوازیی لێکرد و پیاڵەیەك چای تازەی بۆ دانا. ژنە لاوەکە لە کاتێکا چاوی بڕیبووە رووبارەکە، بە شێنەیی چایەکەی خواردەوە. پاشان راهیبەکە ئەوی بۆ ژووری کوڕەکەی برد.
کاتێ ژنە لاوەکە خۆی کرد بە ژوورەکەدا، یۆکۆ سەرگەرمی نووسینی هایکۆیەك بوو. هەرکە چاوی پێکەوت، قەڵەمەکە لە دەستی کەوتە خوارێ و لەسەر لەوحەکەی ژێر دەستی نیگارێکی سەیری کێشا؛ هێڵێکی درێژ کە نیشانەیەکی وەستان بڕیبووی، وەك نیگاری باڵای مرۆڤێك کە بەسەر تەنافێکەوە وەستابێت. یۆکۆ رووی لە ژنە لاوەکە کردو زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. ژنەکە بێ هیچ پێشەکیەك





لێێ چووە پێشەوە و دەستی خستە سەرشانی. پاشان بەسەر لەوحی مامۆستا لاوەکەدا نوشتایەوە و وتی:
-ئەمە جوانترین وێنەی دایکمە تا ئێستا کرابێت.
ژنە لاوەکە، ناوی کلووە بەفری بەهار بوو.
پیاوە لاوەکە چاوی بڕییە نیگارەکەی بەردەمی و پاشان سەیری ئەوی کرد و بۆی دەرکەوت کە هەمان خەون لەودیو پەردەی واقیعەوە ڕوویداوە و بووە بە ڕاست.
یۆکۆ وتی:
-من ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی تۆم.
ژنە لاوەکە سەری خستە سەرشانی و چاوەکانی نووقاند و وتی:
-منیش دڵنیابووم کە تۆ لەمەش زیاتر چاوەڕێت دەکرد.



www.pertwk.com

ئەو شەوە بۆ یەکەم جار ئاوێتەی یەکتر بوون: شاعیرە لاوەکە و، کچی مامۆستاکەی و خانمە خەوتووەکەی ناو سەهۆڵەکە.

یۆکۆ چاوەکانی ئەوی ماچ کرد. دەمەو سەحەر خەو چووە چاویان. لە دەریشەوە بەفر ئەباری.





## 52

ئادەمیزادەکان دوو جۆرن:

کەسانێك کە دەژین، رۆڵی خۆیان دەبینن و دەمرن. کەسانێکیش کە بەسەر ترۆپکە بەرزەکانی ژیانەوە رێ دەبڕن و لەو رێگایەشیاندا لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا هاوسەنگیی خۆیان ئەپارێزن. ئەوانە هونەرمەندن و ئەمانەی دواییش تەنافباز.



www.pertwk.com

## 53

یۆكۆ هەرگیز پێی نەنایە دەربارى ئیمپراتۆرەوەو كلووە بەفری بەهاریش هەرگیز نەبوو بە تەنافباز، لەبەرئەوەی هۆیەك لە ئارادا نەبوو بۆ دووبارە بوونەوەی مێژوو. لە یەكەم رۆژی هاوینیشدا، لە گوێ روبارێكی سیمیندا رێورەسمی هاوسەرێتییان ئەنجام دا.





## 54

ئیدی وەك دوو عاشقی هەتاهەتایی
لەسەر رنووە بەفرێك
ئاوێزانی یەكتر بوون.



www.pertwk.com

## كتێبە چاپكراوەكانی تری وەرگێڕ

### بەكوردی:

- چاوەكانی (رۆمان)_بوزورگی عەلەوی-چاپی چوارەم2004
- جۆناسانی نەورەس (كورتە رۆمان)_ڕیچارد باخ 2002
- خەونێك لەولاتی پیاوە بچكۆلەكاندا (كورتە چیرۆكی جیهانی)1997
- بەناوی ژیانەوە(چاپی یەكەم 1997) ئەریك فرۆم
- شۆڕش یا ڕیفۆرم (گفتوگۆ لەگەڵ ماركۆزو پۆپەردا)1998





www.pertwk.com

❖ پیـــــدرۆ پــــارامۆ (رۆمــــان)_خـــوان رۆڵفـــۆ_(بــــەهاوکاری لەگـــەڵ ڕێبـــوار سیوەیلیدا)1999

❖ چـەند وێسـتگەیەکی فیکـریو ئـەدەبی(وتـار و باسی فیکری و ئەدەبی)2000

❖ تریفـەی تـەنیایی (ژیـانو شـیعری سـوهراب سپهری)2000

❖ تورکیـــا لەســــەردەمی گۆڕانــــدا _محەمــــەد نورەدین2000

❖ لەگـەڵ ئـەقڵی خۆرئـاوادا (چـەند گفتوگۆیـەکی فەلسەفیو ئەدەبی)2001

❖ نیچە _ پۆڵ ستراتێرن2001

❖ ژنێ لەبەردەم وەرزێکی سارددا (ژیان و شیعری فروغ فەروخزاد)2002

❖ سارتەر_پۆڵ ستراتێرن2002

❖ مۆدێرنەکان_رامین جەهانبەگلو2003





❖ مـــــارکۆز و پۆپـــــەر ( گفتوگـــــۆ و لێکۆڵینەوە)2003

❖ کیرکەگۆر- پۆڵ ستراتێرن2003

❖ دەربارەی ئەقڵی مۆدێرن-(گفتوگۆی فەلسەفیو ئــەدەبی)-(بــە هاوکــاری لەگــەڵ ئــاوات ئەحمەددا)2004

❖ چاکەو خراپە _ کریشنا مورتی2004

❖ کازانتزاکیس _ یۆرگۆس ستاسیناکیس2004

**بەعەرەبی:**

❖ مضـيق الفراشـات (قصـيدة طويلـة للشـاعر الكردی شيركو بيكس) ترجمـة آزاد البرزنجـي, دار الرازی –بيروت- لبنان1996.

❖ عار تماماً كالماء (مختـارات شـعرية لدلاور قرداغـي)- ترجمـة آزاد البرزنجـي, دار الطليعـة الجديدة – سوريا – دمشق2000.

❖ سِفرالروائح (قصيدة طويلة للشـاعر شيركو بـيكس) – ترجمـة آزاد البرزنجـي, دارنينـوی - دمشق –سوريا-2001.



www.pertwk.com

[illegible]

# Snow

[illegible]

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2004





| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆشنبیرو دەسەڵات | عەرەبی | سعدالدین ابراهیم | ڕۆشنبیری | 2004 | هەڵکەوت عەبدوللا |
| شانۆ لە چەند وتارێکدا | عەرەبی | عەونی کەڕومی | شانۆیی | 2004 | پەروەر نەجمەدین |
| ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد کاگلەر | سیاسی | 2004 | دلێر میرزا |
| نامەیەك دەربارەی لێکبوردن | فارسی | جۆن لۆك | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانرۆیی- فەرشید شەریفی |
| مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی | فارسی | سەید طاهر هاشمی | فیکری | 2004 | دلێر میرزا |
| سێ شانۆ نامە | عەرەبی | جان کۆکتۆ ئۆین ج. ئارنۆ میشێل دی. ئۆنامۆنۆ | شانۆی | 2004 | هەورامان قانع |
| را پۆرتی برۆدی | فارسی/ عەرەبی | خۆرخە لویس بۆرخس | چیرۆك | 2004 | یاسین عومەر |
| بیرەوەرییەکانی هەڵەبجە | کوردی | بەکر حەمە صدیق | مێژووی | 2004 | بەکرحمە صدیق/ کو دلێرمیراز/ فارسی م. حسن عبدالکریم عەرەبی فوئاد تاهیر/ ئینگلی |
| ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم | فارسی | کۆمەڵێ نووسەر | نەتەوەیی | 2004 | ئارام جمال |
| ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدییەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | 2004 | ئیدریس ئیبراهیم |
| شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | 2004 | بورهان قەرەداخی |
| گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | ڕۆمان | 2004 | جەوهەر کرماج |
| پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | ڕۆمان | 2004 | کەمال غەمبار |
| خەناوکەیەك بۆ سەر میناز | فارسی | ئەحمەدخان ئەبوبەکر | ڕۆمان | 2004 | ئەبوبەکر خۆشناو |
| ئەندامێکی میت | تورکی | محەمەد ئەیمور | سیاسی | 2004 | ئارام عەلی عەزیز |
| کورتترین ڕێگەی سەرکەوتن | فارسی | ڕۆبیرت ئۆریلی | دروننناسی | 2004 | سالار عەبدلرەحمان |
| کۆماری مهاباد | کوردی | عەبدوڵلا ئەحمەد ڕەسول | مێژوویی | 2004 | سەلمان عەلی |
| چوار وتاری شیشرۆن | فارسی | رحمەت الله مقدم مراغەی | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانرۆی- کامل ئەحمەد بەگ |
| جوغزە گەچینە | عەرەبی | برێخت | شانۆ | 2004 | عومەر عەلی ئەمین |
| نیوەکەی تری جیهان | عەرەبی | چەند نووسەرێکی | چیرۆك | 2004 | نوری سەعید قادر |



www.pertwk.com

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بیانی | | | |
| مافەکانی ژن لەدەتپێکەوە | فارسی | نای بن سەعدون | رۆشنبیری | 2004 | کارزان محەمەد |
| بەناو ئیسلامەکان | عەرەبی | د.رەفعەت ئەلسەعید | فیکرییە | 2004 | حەسەن عبدالکریم |
| سەرچاوەکانی زانی و نەزانی | فارسی | کارل پۆپەر | فیکرییە | 2004 | ناسرِ سەڵاحی |
| دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی | فارسی | ئەنتۆنیۆ گرامشی | فیکرییە | 2004 | مامەند |
| کاریگەریی هەڵچوون | عەرەبی | هیمداد مەجید عەلی | یاساییە | 2004 | دلێر میرزا |
| خاکەکە ماچ کە | ئینگلیزی | ئەلیزابیث لایارد | رۆمان | 2004 | عەزیز گەردی |
| ئازارەکانی هونەرمەندێك | عەرەبی | یوسف رانسیس | هونەرییە | 2004 | ئاری بابان |
| جینۆساید لە عێراقدا | ئینگلیزییەوە | میدڵ ئیست وۆچ | سیاسییە | 2004 | محەمەد حەمەسالح تۆفیق |
| لۆکاچ | فارسییەوە | ئیمری جورج | فیکرییە | 2004 | مەنسوری تەیفووری |
| ئەلف و بێ کوانتەم | ئینگلیزی | ف. ریدنیك | فیزیایی | 2004 | د. بایەزید حسن عبدالله |
| قبور غیر هادئە | ئینگلیزی | هیومان رایتس | دمافی مرۆڤ | 2004 | محمد حمە صالح توفیق |
| هونەری جەنگ | عەرەبی | سۆن- تزو | عەسکەری | 2004 | رئووف حەسەن |
| لەنێو دڵی شانۆدا | | | شانۆیی | 2004 | مەحمود زامدار |
| یەکبوونی قەومی کوردو ماد | فارسی | حەبیبوڵلای تابانی | فارسی | 2004 | جەلیل گادانی |
| گۆڕینی رژێم | ئینگلیزی | کریستۆفەر هیچنس | مافی مرۆڤ | 2004 | محمد حمە سالح |
| ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی | ئینگلیزی | نادر ئینتیسار | نەتەوایەتی | 2004 | عەتا قەرەداخی |
| ئەخلاقی رۆژنامەگەریی | عەرەبی | د. حسن عماد مکاوی | لێکۆڵینەوە | 2004 | مەم بورهان قانع |
| کۆمۆنیزمی ئەوروپایی | ئەڵمانی | ڤۆلگانگ لیۆنهارد | سیاسی | 2004 | د. کوردۆ عەلی |
| رێنیسانس | عەرەبی | د.کمال مەزهەر | لێکۆڵینەوە | 2004 | فوئاد مجید میسری |
| ژنانە یاری بکەو پیاوانە بیبەرەوە | فارسی | گیل ئیڤانس | دەورناسی | 2004 | شەیدا سەلاح |
| عیراق و بەردەوامی قەیرانی خۆرهەلاتی ناوەراست | ئینگلیزی | د. ئەوان و. ئەندرسن د. خەلیل. ه. رەشیدیان | سیاسی | 2004 | فوئادی تاهیر سادق |
| ئاسیا لەبەرامبەر خۆرئاوادا | فارسی | داریوشی شایگان | فکری | 2004 | شۆرش جوانرۆیی- مامەند رۆژە |







www.pertwk.com